## لەدایکبوونی موزیک لەڕۆحی ڕۆمانەوە

بەرەو تیۆریەکی ئۆنتۆلۆگیای بیستن
لەرۆمانی شاری مۆسیقارەسپییەکانەوە

بەکر عەلی ـ بەرلین

هەرلەسەرەتاوە با پۆزشی خۆم بۆ وەرگرتنی ئەم ناونیشانە لەناونیشانی کتێبەکەی فریدریک نیتشەوە (( لەدایکبوونی تراژیدیا لەڕۆحی موزیکەوە)) بخەمەڕوو . واتەدەمەوێت بڵێم ئەگەرچی موزیک زمانێکە لەسەروو زمانەوە، کەچی بۆ ئەوەی خۆی بکات بەبوونەوەرێک ، ئەوا پێویستی بەزمانێکە بیگێڕێتەوە،زمانێک بینووسێتەوەو ڕاڤەی ماهیەتەکەی بکات ، زمانێک وا بکات موزیک لەزوبیەکتێکی ئیستاتیکیەوە، بەوەدا کەئەو کەرتێکی هەرەزیندووی ناو کولتورەو شێوەیەکە لەشێوەکانی زمان و ئیرادە، بکاتەهۆشیارییەک. دیارە بێ هیچ چەند و چۆنێک ڕۆمان باڵاترین شێوەی هۆشیاریی گێڕانەوەیە. ئەم ناونیشانەش لەو ڕاڤەیەوە هەڵقووڵاوە کە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان بۆ لەدایکبوونی موزیک لەناو کولتورێکدا کەگوێچکەی موزیکایەتی لەکیسداوە پێشکەشمانی دەکات .
هەڵبەت گوێچکەی فەرهەنگی کوردی تا ئێستا بەم مانایە موزیکی نەبیستووە، بەڵکو ئەو تەنیا بەگوێچکەیەکی زۆر سادەو سەرەتاییەوە گوێبیستی موزیک بووە کە لەوپەڕی ناسینیدا لەگوێچکەیەکی ڕۆمانسی ساویلکە بەولاوە ناتوانین چ ناسنامەیەکی تری بدەینێ.
ئەم ڕۆمانەی نووسەروشاعیر بەختیار عەلی هەموو ئەو توخمانەی پێیە، زمان ، سەروزمان ، ئیرادە، زەمان ، لەزەمانبەدەر، ئەرگومێنت ، دۆکۆمێنت ، ژیان، چیرۆک ، فانتازیا ، ئیرۆنی ،هەمیشەگی ، جوانی، شیعریەت، توێژینەوە، مێژوو، هەقیقەت، کە لەمۆزایکێکی درەوشاوەی زمانئاراییدا بیانکاتە ئەو ڕۆمانەی لەڕۆحیەوە موزیکێک لەدایکبێت کەچیدی بەگوێچکەی ئاسایی نەبیسترێت بەڵکو پێویستمان بەگوێچکەیەکی دی دەبێت لەوەی نیتشە پێیدەڵێت (( گوێچکەی سێهەم )) کەجگە لە گوێچکیەکی ڕۆحی بەولاوە چیتر نییە .
لەم باسەدا من هەوڵدەدەم موزیک وەک بەشێکی زیندووی گەشەی

کولتوریانەی مرۆڤ نیشان بدەم ، گوێچکەش تەنیا وەک ئۆرگانێکی فیزیکی نابینم بەڵکو وەک میدیۆمی هاتنە - ناو - جیهان . واتەبیسەلمێنم بەبێ هەبوونی هەستی بیستنێکی ئۆنتۆلۆگیانە گوێچکەی موزیکی ناشێت لەدایکبێت . مەخابن لەناو کولتوری کوردیدا ئارەزوویەکی قووڵ بۆ فەرامۆشکردنی بیستن و کوشتنی هەبووە .کەچی تائێستا وشەیەکی لەسەر نەنووسراوە، سوپاس بۆ بەختیارعەلی بەشاکارێک چرای ئەم تێمایەی هەڵگیرسان.

لێرەوەیە بێهۆ نییە گرنگترین ڕستەی ڕۆمانەکە من چەقی شیکردنەوەکەمی لەسەر ڕابگرم بریتییە لەڕستەی، ئەم شارە(( شارێکەگوێچکەی بووەبەبەرد)) کەجەلادەتی کۆتر لەلاپەڕەی 449دا دەیدرکێنێت و وەک ئاژێرێک دەیدات بەگوێی خەوتووی ئەو شارەدا.

ئەم دۆخی فەرامۆشکردنی گوێچکەیە لەو بەسەرهاتە دەچێت کەبەسەر زەردەشتی نیتشەدا دێت کاتێک بەدیداری گوێچکەیەک ڕادەگات کەهێندەی مرۆڤ گەورەبووە، لەگەڵئەوەشدا زەحمەت بووەشتێکی مرۆیی تێدا ببینێتەوە : (( خەڵکەکەپێیان گوتم ..گوێچکەگەورەکەنەک هەر مرۆڤەبەڵکو مرۆڤێکی گەورە و ، بلیمەتێکیشە ...بەڵام من هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەی خۆم ماوم کەئەو بریتییە لەکۆڵەوارێکی ئاوەژووبوو، لەگشتدا کەمی هەیەو لەتاکدا زۆر)) .گوێچکەی کولتوری کوردی کەئەدەب، سیاسەت ، هونەر و کۆمەڵایەتی...تاد .دەگرێتەوە کتومت ئەو زەلیلە، ئەو کۆڵەوارەئاوەژووبووەیە.

**بەختیار عەلی ...بوونەوەرێکی کەنتاوری**

بەلامەوە دەرفەتە بەرلەوەی ڕۆبچمە ناو باسەکەوە بەشێوازی خۆم چەند ڕستەیەک لەسەر بەختیار عەلی بنووسم ...بەختیار عەلی بێ هیچ چەندوچۆنێک ماوەی پتر لە 15ساڵە بووە بەگرنگترین فیگوری ناو ڕۆشنبیری کوردی ، بەرهەمەکانی :شیعر ، وتار، لێکۆڵینەوە، تیۆریزەکردن ، ڕۆمان و گفتوگۆکانی تێکڕا تەوژمێکیان بەخشیوە بە ئەدەبیاتی کوردی گەر هەرکەس بەچاوی ئینسافەوە تەماشای ئەو ئەدەبە بکات دەزانێت کەئەدەبێکی زیندووە .ئەدەبێکەسەرباری هەموو کەموکوڕی

و قەیرانەکانی بێبەری نییە لەکاری داهێنان ..هەقیقەتیش وەهایە، ئەدەب و هونەر ئەوەیە لەسەردەمی تەنگانەدا ئاسوودەیی و ژیان ئاشنا بکەنەوە بە مرۆڤ ، هۆلدەرلین وتەنی :لەکوێدا مەترسی هەبێت لەوێدا هەڵۆ سەردەردەکات .
لەناو ئەم ئەدەبەدا من فیگوری کەنتاوری بۆ بەختیار بەڕەوا دەبینم و پێموایەلەمەدا چ زێدەڕەویم نەکردووە.
کەنتاور لەناو میتۆلۆگی گریکیدا ئەو بوونەوەرەخورافیەیە کە لەدوو بوونەوەر پێکهاتووە، بەشی پێشەوەی لەوێنەی جەنگاوەرێکدایەو بەشی پشتەوەی بریتییە لە لەشی پشتەوەی ئەسپێک.. بۆ ئەوەی ئەم فیگورە بهێنمە بەرچاوی خوێنەر، فیلمی (( پێکدادانی دێوەکان - إصطدام الجبابرە)) ی دەهێنمەوە یاد کەئەو بوونەوەرەی تێدایە، بەختیار خۆیشی ئەم فیگورەلەلاپەڕە 591ی ڕۆمانەکەدا بە(سیلینۆس بوونەوەری نیوەئەسپ و نیوەمرۆڤ) ناودەهێنێت کەباوکی پانەو مامۆستای دیۆنیسیۆسە .
تەماشاکردنی بەختیار وەک کەنتاورێک لەو باوەڕەمەوە هاتووە کە ئەو تاکەکەسە لەناو ڕۆشنبیری کوردیدا ئەدەبیاتی کەنتاوری نووسیوە .بەمانای کارەکانی ئەوهەمیشە کاری ئاوێتەیی و سینتێزەیین .ئەم دەستنیشانکردنەش لەوێدا دەردەکەوێت کەچۆن ئەو فانتازیا ئەلکێنێت بەواقیعەوە، ریال بەسوریالەوە ئاوێتەدەکات ... سپی لەناو ڕەشەوەدەردەهێنێت ، دەنگ لەناو بێدەنگیدا دەبیستێت ، هەقیقەت لەنا - هەقیقەت وەردەگرێت و جوانی لەنا - جوانیدا دەبینێت ، دەرەوە لەناوەوەو ناوەوە لە دەرەوە دیاری دەکات .ڕاستی لای ئەو شوناسێکی نیتشەییانەی هەیە نەسپییەو نەڕەشە بەڵکو لەئاوێتەبوونی هەردوو ڕەنگەکە پێکهاتووە کە دواجار ڕەنگی خۆڵەمێشی وەردەگرێت.، جوانی بەرگێک نییە تەنیا بەبەژن و باڵای مرۆڤی چاکەخوازدا دوورا بێت ، بەڵکو دەشێت مرۆڤی بەدکاریش هەڵگری بێت .
بەم پێیە کارەکانی بەختیار بوونەوەری پێکهاتوون لەهەموو ئەو دووانەلێکدژانە،لەهونەر ، شیعریەت ، ئەندێشە، فۆرم ، ناوەڕۆک ، تیۆری و پراکسیس .کەشیعرو ڕۆمان دەنوسێت بەفەزایەکی فەلسەفییەوە بارگاوی دەکات، کەتوێژینەوە دەنووسێت دەیخاتەناو ئەتمۆسفێرێکی پۆیتیکیەوە .

پەیوەندی شیعر و بیر لەکارەکانی ئەودا زووبستانس و ژێرخانی سەرەکی سیستەمی بیکردنەوەیەتی .دیارەڕەنگە هیچ کولتورێک نەبێت لەدنیادا فیگورێکی کەنتاوری تێدا لەدایک نەبوو بێت ، ئێمە دەبێت خۆشبەخت بین کە لەناو ئێمەشدا ئەم فیگورە لەدایکبووە... بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کەمیراتی نیتشە منداڵدانی هەموو ئەو فیگورانەیە، ئەو جارێک بۆ ئەروین ڕۆدەی هاوڕێی دەنووسێت : زانست ، هونەر وەفەلسەفە ئێستا بەشێوەیەکی ئەوتۆ فراوان پێکەوە لەناوەوەمدا گەشەدەکەن کەوام لێدەکات هەرجارەی کەنتاورێک بهێنمە دنیاوە.

بەختیار ئەو ئەفسانەسازەیە کە ئاسۆی ڕیالیتی بەکلاوڕۆژنەی سوریالێتیدا دەهێنێتە ژوورەوە .کارەکانی ئەو چەندێک پڕن لەشیعریەت هێندەش پڕن لەتوێژینەوە .ئەم دەستنیشانکردنەش دەقاودەق بەسەر ئەم ڕۆمانەدا دەسەپێت ، چونکە ڕۆمانێکە تێیدا هەموو گریمانەو هیپۆتێزەکان لەگەڵ هەموو ڕامانە ئەپۆکالیپزیەکانیدا ئاوێتەبوون .ڕۆمانێکە لێوەی دەشێت موزیکێک لەدایکبێت کەموزیکێکی ئیدیالیستی ڕۆحانی نییە هێندەی موزیکێکە دەبێتە ڕۆحانیەتێکی ڕیالیتی و ماتەریالی کەبۆمان بلوێت بەگوێچکەمان دەستی لێبدەین .چونکەئەو بانگەشەو پلێدۆیەی لەدایکبوونی گوێچکەیەک دەکات ئەو موزیکە ببیستێت کەزۆرانبازی نێوان وەحی و توێژینەوە، جاویدانی و بەربادی ، ڕامان و ئەزموون ، هەقیقەت و نا ـ هەقیقەت ، نەمری و فانی ، من و جیهان ، هەڵهاتن لەجیهان و هۆگربوون پێوەی دەنوێنێت .ئەم دەستنیشانکردنەش بۆ من ڕووبەریکی کراوەی ئەوتۆ پێشکەش دەکات کەبتوانم گاە لەدیوی ئیستاتیکییەوە گاە لەدیوی فەلسەفی و مێژووییەوە تەماشای ڕۆمانەکە بکەم .

جاران من ترسم لەوەبوو ئەدەبیاتی کوردی بەهۆی کەللـە دۆگمایەکانەوە(( واتەگوێچکەبەبەردبووەکانەوە))لەناو ژوورێکدا لەقەراغی جیهاندا بەپەراوێزی بمێنێتەوە، ئێستا من ئەو ترسەم لەبیرچۆتەوە، ئێستا هەستدەکەم ئەدەبیاتی کوردی دەچێتە ناو ـ جیهانەوە.

## ئۆنتۆلۆگیای گوێچکە... یاخود بەرەو کولتوری بیستن

**ئێمەلەبەرئەوە نابیستین کەگوێچکەمان هەیەبەڵکو لەبەر ئەوە گوێچکەمان هەیە چونکە دەبیستین. هایدێگەر.**

گەر بمانەوێت هەر لەسەرەتاوە دیاگنۆزەیەکی کورتی ناوەڕۆک و مۆتیڤی ڕۆمانەکەبکەین ، ئەوا ڕەنگەسەرەکیترین تەوەری ڕۆمانەکەکارکردن بێت لەسەر چێکردنی ئەتمۆسفێرێکی فەلسەفی – ئیستاتیکی لەناو کایەی واقیعی و مێژووییانەی ڕووداوەکانی هەرێمێک بەهەموو ڕەهەندەسیاسی و وجودی و کولتورییەکانیەوە .وردتتر بڵێین ڕۆمانەکەلەهەوڵی داڕشتنی تێۆریەکەبۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا، نەتەوە، جیهان ، و کەینونە لەڕێی ئەفراندنی گوێچکەیەکی موزیکییەوە .گوێچکەیەک کەگوێبیستی موزیکی دووبارە بەدۆستکردنەوەی دازاینە لەگەڵ جیهاندا، ئەم ئەفراندنەش تەنیا ئەو کاتە شیاو دەبێت گەر ئێمەلەژیاندا ڕێچکەی هونەری ژیان بگرینەبەر. واتەژیان تەنیا وەک زیندەوەرێکی بێهونەر نەگوزەرێنین ، بەڵکو وەک بوونەوەرێکی هونەری کەژیانی بەئەفراندنی جوانی دەباتەسەر .هەڵەدەکات ئەوەی پێیوابێت جوانی ڕوانینێکی دیدگەیی پەتییە، یاخود گووتەزایەکی ئەبستراکتە، یان کۆدێکی ئیدیالیستی و میتافیزیکییە.ڕاستییەکەی جوانی بریتییەلەڕوانین و لەڕێچکەی گوزەراندنی هونەریانەی ژیان... بریتییەلە دۆزینەوەی ڕێچکەی بیستنی دەنگی ژیان وەک ئاوازێکی نەمر. چونکە ژیان بۆ ئەوەی بەردەوام بێت پێویستی بەنەمری هەیە، تاکەشتێك لەژیاندا نەمر بێت ئاواز و موزیکە، ڕیلکە گووتەنی (( گۆرانی نهێنی بوونە))واتەهەموو شتێک بەسەردەچێت تەنیا دەنگ بەهەمیشەیی دەمێنێتەوە .نەمری چوونە ناو غەیبەوە نییە بەڵکو باوەشکردنە بەجیهاندا، مۆزارت مرد ون نەبوو بەڵکو چەند سەدەیە کارەکانی هێشتا لەناو جیهانداو بۆ هەمیشەش هەر لەناو جیهاندا دەبن .نەمرەکان ئەو فیگورانەن کەلەشاری مۆسیقارەسپییەکاندا ژیانی جاویدانی بەسەر دەبەن ، بەڵام لەبەر ئەوەی شارێکی واقیعی نییە ئەوا مەرج نییە بەپێویست ببێتە شارێکی یۆتۆپی ، بەڵکو تۆپۆگرافیایەکە کە ڕەهەندێکی جیۆگرافی ڕۆحی هەیەو لەبری دزێوەکان کۆبکاتەوە(( ڕۆحی مۆسیقار و شاعیرو نیگارکێشەکان کۆدەکاتەوە .ش.م.س .لاپەڕە199)) .ئەمەهیوایەکی نیتشەییانەیە کەدەخوازێت ڕۆژێک بێت تەنیاکان لەجێیەکدا پێکەوەکۆببنەوە .چونکەئەو شارە شارێکە((ئەو ڕۆحانەدروستیان کردووەکەهێشتا دەنگیان لەسەر زەوی

سەدای خۆ وەرنەگرتووە، تۆڕێکەئێمەی زیندوو و داهێنەر و مۆسیقی و نیگارکێشە نائومێدەکان پێکەوەگرێدەداتەوە، لەوانەیەئەو شوێنەبێت کەئینسان لەئاوازی خۆی بینای ناوە .ل 199)).شارێک کەلەئاواز بیناکرابێت ئەوا شارنشینەکان سەرەکیترین شتێک پێویستیان پێی بێت بۆ ئەوەی شارستانی دەرچن بریتیەلەوەی کەگوێبیستی ئاوازی ئەو شارەبن ، خەڵکەکەی پێوستیان بەگوێچکەی موزیکی هەیە نەک بەگوێچکەی ئاسایی کە جگە لە دەنگەدەنگ و مقۆ مقۆ و گەڕەلاوژە بەولاوە چیتر نابیستێت .چونکە گوێچکەی موزیکی ئەو کەناڵەیە کە بەشێوەیەکی ڕۆحی و هونەری دەنگ و موزیک دەبیستێت، کەواتە تێگەیشتن لەکولتوری موزیکی شارێک بەندە بە توانای هێزی بیستنی گوێچکەی ئەو شارەوە .لێرەوەیە بەختیار عەلی بۆ ئەوەی لەو دەرفەتە ئیستاتیکییە بگات کەلەناو کولتوری جیهانی ئێمەدا بزرەهونەری موزیکی بۆ سەلماندنی شێوازێک لەشێوازەکانی هونەری تێگەیشتن هێناوەتەوە کەبریتیە لە هونەری بیستن .بۆیەکاتێک دەڵێت ئەم شارەگوێچکەی بووەبەبەرد ئاماژەیەلەسەر بزربوونی زوبستانسی بیستن لەگوێچکەی ئەو شارەدا .وەک لەلاپەڕەی 198 ی ڕۆمانەکەدا دەڵێت : من گوێ دەگرم ، من لەم وڵاتەدا مامەوە بۆئەوەی گوێ لەوهاوارەبگرم.

کەواتەبۆ تێگەیشتن لەئاستەکان و ڕەهەندەکانی هەر کولتورێک تێگەیشتن لەزوبستانس و جەوهەری ئەو کولتورە پێویستە وەک پێشمەرجێک لەبەرچاو بگیرێت .زوبستانسی هەر کولتورێکیش بریتییە لە کۆی توخمە ڕۆحی و هۆشمەندیەکانی کەپێکڕا ئیدراک و تێگەیشتن ساز دەکەن . تێگەیشتنیش لەڕێی دوو کردارەوە ساز دەبێت ، کرداری بیستن و کرداری بینین.هەردوو ئەم کردارەش بەهەردوو ئۆرگانی گوێچکەو چاو دا گوزەر دەکەن .واتە لەڕووی ئۆنتۆلۆگییەوە گوێچکەو چاو ئەو دوو میدیۆمەن کەهەردوو هەستی بیستن و بینین چێ دەکەن .فەزای ئەم ڕۆمانەش تەنیا لەناو کایەی موزیکدا ، کەگوێچکە دەگرێتەوە، خول ناخوات، بەڵکو کایەی بینینیش ، کەچاو دەگرێتەوە، ڕووبەرێکی گرنگی لەڕۆمانەکە داگیرکرووە، واتەئەگەر ڕۆمانەکە باس لەئۆنتۆلۆگی گوێچکە بکات لەڕێی موزیکەوە ئەوا هەمووئەو گفتوگۆیانەی لەسەر هونەری نیگارکێشان دەکرێن و خودی

تابلۆی شاری مۆسیقارەسپییەکان و مۆزەخانەکەی دکتۆر موسای بابەک ئاماژەن لەسەر هەبوونداری چاو لەڕێی تەماشاکردنەوە .کەواتەڕۆمانەکە مامەڵە بەهونەری بینین و بیستن دەکات ، لەمەڕ هونەری بینینەوە کار بەدیوی ئیستاتیکیانەی بینین دەکات ، واتە تەماشاکردنی هەقیقەت بەچاوی جوانی کەئەم پرۆسێسەش لەڕێی هونەری نیگارکێشانەوەلەدایک دەبێت .

بۆیەبەڕێکەوت نییە کەسەرەکیترین تەوەر لەڕۆمانەکەدا لەمامەڵەکردنی کارەکتەرەکان بەفاکتەکانی بەردەمیان سوڕانەوەیە بەدەوری موزیک و تابلۆ دا کەلەهەردوو فیگوری سەرەکی ڕۆمانەکەدا (( جەلادەتی کۆتر)) وەک بەرجەستەکەری موزیک و هونەری بیستن وە((دکتۆر موسای بابەک )) ئەگەرچی ئەم نیگارکێشێک نییەبەڵام وەک کۆکەرەوەی تابلۆکان و پارێزەری بینین بەرجەستەبووە.

دەرەنجامی هەبوونی ئەم دوو فیگورە ئەوەیە بڵێین :هەستی بینین و هەستی بیستن پاشئەوەی بەفلتەری چاوو گوێچکەدا گوزەر دەکەن لەوێدا بەکرداری بژاردندا تێدەپەڕن بۆ جیاکردنەوەی دەنگی موزیکی لەدەنگی نا – موزیکی و دیمەنی جوان لەدیمەنی نا – جوان ، ئیدی لەمەوە دەگۆڕدرێن بۆ ئیدراک و تێگەیشتن .واتەعەقل لەڕێی بینین و بیستنەوە چێ دەبێت ، تەواو وەک ئەوەی هایدێگەر دەڵێت : بیرکردنەوە بریتییە لە بینین و بیستن .

بەڵام ئایا لەڕێی خوێندنەوەی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە ئێمە دەتوانین بچینە ناو گفتوگۆیەکی ناوازەوە کەتیایدا مانیفێستی دابەشکردنی بیرکردنەوە بەسەر هەر یەکە لە بیستن و بینین دا وەهەروەها دابەشکردنی ژیان بەسەر هەریەک لەهەقیقەت و جوانی دا وەک ڕاستی و ئەرگومێنتێک گەلاڵە بکرێن؟ ئەمە شاپرسیاری کۆی ئەو سەرنجانەیەکە دەبێت ئاراستەی پەیامی ئەو ڕۆمانە بکرێت.

بەوەدا کە نە ژیان و نەبیرکردنەوەش بەمانا والاییەکەی خۆیان ئەرگومێنت نین ، ئەوا گەر هەر هەوڵێکی لەو جۆرە بخوازێت ژیان و بیرکردنەوە بە ئەرگومێنت بکات هەموو مانا وجودی و ئیستاتیکیەکەی خۆی لەکیسدەدات .

کەهەڵبەت ئێمەش پەیامێکی وەها لەم ڕۆمانەدا شک نابەین ئەگەرنا ئێمە ناچارنین لەسەر جۆرەکارێکی وەها ئیدیۆلۆگی بنووسین .بەڵکو هێندە هەیە

بەدیدی من ڕۆمانەکەهەوڵی دەرخستنی نهێنییە حەشاردراوەکانی کولتوری ئێمەدەدات ، کولتورێک تیایدا جوانی و هەقیقەت لەناو وەحشیەتێکی ناوازەدا نمایش دەکرێن .گوێچکەی هەرێمێک کەتوانای بیستنی جیهانی نەماوە، شارێک کە(( گوێچکەکانی بووەبەرد)) . قورسایی ئەم ڕستەیەلەوەدا دەردەکەوێت کەوەکو جۆرێک لەوەئاگاهێنانەوەی کولتوری خەوتووی یان تەنانەت خەواڵووی ئەو دەڤەرەو وەک زایەڵەی ئاژێرێکیش بۆ گوێچکەی بەبەردبووی مرۆڤەکانی ئەو دەڤەرەنووسراوە .من پێموایەبەم ڕستەیە بەختیار عەلی دەخوازێت جۆرێک لەداهێنانی ئەنترۆپۆلۆگیایەکی ئاکوستی (( مرۆناسی دەنگەوەری)) دابهێنێت.چونکەکولتورێک کەچیدی دەنگی خۆی و جیهان نابیستێت ، کەچیدی گوێچکەی بووەبەرد ، پزیشکی کولتور ناچارەدوای دەستنیشانکردنی حاڵەتەکەچارەسەرێکی ئاکوستیکی بدۆزێتەوە، لەم حاڵەتەشدا بەختیار عەلی ئەو پزیشکی کولتورەیە کە پێشنیاری بەخشینی گوێچکەیەکی تر بەو کولتورەدەخاتە پێشدەممان . ( دواتر دەگەڕێینەوەسەر ئەم تێمایە).
لەکاتێکدا ئەگەر ئێمە ڕابمێنینە مێژووی کولتوری ئەو دەڤەرە دەبینین کولتورێکە بەسترەکتور لەسەر کپکردنی دەنگ و پشتگوێخستنی گوێچکە هەڵچنراوە .گوێچکە شوێنگەیەکی زۆر سەرەتایی و یەکەمینییە لە مرۆڤناسیدا ، چونکە هەموو شارەزاییەکانی مرۆڤ کەبەئەزموون و ڕامانکردن بەدەستی دەهێنێت سەرەتا بەکەناڵی گوێچکەدا گوزەر دەکەنە ناوەوەمانەوە .ئێمەهەرچی دەزانین لەبیستن و بینینەوەپێمان دەگات .زانست ئەوەی سەلماندووەکەمرۆڤ هێشتا کۆرپەلەیەکە لەناو منداڵدانی دایکدا دەتوانێت لەڕێی بڕبڕەی پشتی دایکەوە دەنگەکان ببیستێت .واتە یەکەمین هەست لەهەستەکانی مرۆڤ بیستنە .جگە لەوەش ئێمەهەر لەڕێی گوێچکەوەو بەگوێڕایەڵی کردنمان بۆ دەنگەکانی عەقل دەتوانین بچینەناو جیهانەوەو لەوێدا چالاکانەڕەفتار بکەین .کەواتەگوێچکە بەبێ هیچ گومانێک ، وەک پیتەر زلۆتەردایک دەڵێت : ئۆرگانی ڕێبەریکردنی نزیکخستنەوەی مرۆڤە لە جیهان . ئیدی لەناو ئەو دەرفەتانەی بۆ هەر گەل و هەرێمێک دەڕەخسێت گەر توانستی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانە بەمەبەستی خۆسەپاندن

لەناو جیهانداو خۆ گواستنەوە لەقەراغەوە بۆ ناوەندی جیهان نەبێت مانای وایە ئەو گەل و هەرێمە یان خەوتوون یان گێلن یان نابیستن .هەرێمێک کەهەموو جوانیەکانی ژیان و هەموو هونەرێکی زیندەگی لەیاد کردبێت بێگومان ئاماژەیەلەسەر نەبیستنی موزیکی ژیان لەوێدا .گوێچکەی ئەم شارە بووە بەبەرد مانای کەڕبوونی فیزیکیانەی مرۆگەلی ئەو هەرێمەنییە، مانای ئەوەنییە توانای بیستنی دەنگەکانی نییە، بەڵکو مانای ئەوەیەکەچیدی ناتوانێت جیاکارییکات لەنێوان جوانی و ناجوانیدا ، لەنێوان ڕاستی و ناڕاستیدا ، لەنێوان موزیکایەتی و ناموزیکایەتی ژیاندا ، کەئەم جیاکردنەوەیەش نەبوو ئیدی جاویدانی و بەربادی ، هەقیقەت و بەدفەڕی ، موزیک و نا - موزیک بەشێوەیەکی وەحشیانەدەخزێنەناویەکترەوە وەک لەشاری پرتەقاڵی سپیدا دەبینین چۆن موزیکارە ڕەسەنەکان لەژێر شەهوەتی موزیکی وەحشییانەی ئاپۆرەدا لەسەر سەحنەکەدا ون دەبن.بەڵکو لەوێدا موزیکی بێهونەر خۆی دەبێتەمایەی وروژاندنی شەهوەتەوەحشییەکانی مرۆڤ .

لێرەوە گوێچکە فەرمانە سروشتییەکەی خۆی لەبیردەچێتەوەو ناتوانێت بەدروستی هەستێت بەکاری وەرگێڕانی هەستی بیستن بۆ بەهرەی تێگەیشتن .واتەچیدی ناتوانێت خۆی ببیستێت ..خودبیستنیش یەکەمین هەنگاوی بە تاکگەرایی بوون و یەکەمین بنەمای ئیندیڤیدوالیزاندنە ، شارستانیەتیش هیچ نیە جگەلە پرۆسێسێک کەتیایدا دەرفەتی ئیندیڤیدوالیزاندن بەردەوام بەکراوەیی ئامادەیە.. هونەری ژیانیش بریتییە لە ڕێچکەی هێنانە ئاراوەی تاک و تاکگەرایی . ڕۆمانیش کایەیەکی سەرەکییە بۆ ڕاگەیاندنی گووتارە ئیندیڤیدووەکان . واتەمرۆڤی تاک لەژیاندا تەنیا رۆمان دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت. بەم واتایەدەبینین لەکۆدێکسی ڕۆمانەکەدا تەوەری " حیکایەت" توخمێکی سەرەکیەلەپرۆسەی دروستکردنی هەر میللەتێکدا . چونکەنەتەوەلەوێدا بەرپا دەبێت کاتێک وەسفەخۆییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، واتەئەو کاتەی مانیفێستی ڕاکانی خۆی ڕادەگەیەنێت .

بەڵام "گوێچکەی ئەو شارە بووە بەبەرد" مانای ونکردنی فیزیکیانەی

گوێچکەنییە، بگرە ڕەنگە ئەو شارەخۆی لەخۆیدا گوێچکەیەکی گەورەش بێت بەمانا نیتشەییەکەی بەڵام دواجار کۆڵەوارێکە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە گوێچکەی ئەو شارە حەزێکی زۆری بۆ ئیرتیدادیەت هەیە، مانای گوێچکەی ئەو شارە دواجار بووەبە ئۆرگانێکی کۆیلەکە جگەلە دەنگی گەڕەلاوژەی ئاپۆرەو سالارەکانی دەستەڵات و پارە چیتر نابیستێت .وشەی (( گوێچکە)) لەم ڕستەیەدا هەروا هاکەزاییانە لەوێدا قووت نەکراوەتەوە، ئەم وشەیە لەپاڵ وشەی ((دەنگ)) و وشەی ((بیستن))دا کەلەڕەوتی دەقەکەدا چەند جارێکی دیاریکراو ئامادەن بریتین لەسینۆنیمێک /و هاوناوێک بۆ ((عەقل)) و بۆ ((ڕۆح)) . واتە گوێچکە کتومت دەشێت مانای تێگەیشتن و عەقل بگەیەنێت ، ئێمەلەگفتوگۆی ڕۆژانەماندا دەشێت چەندین جار بەبەرامبەرەکەمان بڵێین : گوێی خۆتم بۆ شل کە، یان گوێم لێبگرە، وەیاخود گوێی خۆتم بدەیە وەیان گوێم بۆ ڕادێرە ، کەدیارەمەبەستمانە لەوەی  بڵێین : لێم تێبگە، یان کاتێک دایکێک بەمناڵە لاسارەکەی دەڵێت ، ڕاوەستە دەبێت پیشانت بدەم گوێگرتن و گوێڕایەڵی چییە. ئەمانەو چەندین گوزارەی تری لەم جۆرانەهەموو بەمەبەستنی بەسیمبولکردنی عەقل و تێگەیشتن بەکاردەهێنرێن.
کەواتە ئەگەر "گوێچکەی کولتورێک بوو بەبەرد" مانای ئەوەدەگەیەنێت کەئەو کولتورە هەناوێکی پووچ و زوبستانسێکی شێواوی دەبێت. کەتوانای تێگەیشتنێکی کەمی دەبێت . لەشارێکدا کەتەنیا دەنگی گڕی سالارەکان و نەڕەی دەستەڵاتدارەکان و گەڕەلاوژەی ساماندارە بێهونەرەکان ببیسترێت ، ئیدی کولتوری ئەو شارە دەبێتە کولتورێکی ناموزیکایەتی ، عەقل سست و ناچالاک دەبێت ، بوونەوەری بێ ئیرادە پەروەردە دەبێت ، ژیان لەهێزێکی درێژخایەنەوە دەبێتەهێزێکی کورت خایەن ، وەک لەوتارێکماندا لەسەر شار نووسی بوومان ، ئیدی ئەو "شارە شاری بەدیهێنانی بوون نابێت" . چونکە ئەگەر قاوغی شار( واتەگوێچکەی شار) گەورەبوو وەهاوڕێ بەم هەناوی شار واتەکولتور و هونەر و هێزی بیستن گەشەیان نەکرد مانای وایە شار تەنیا ((تەنەڕەقەکان))ی زیندوون و ((تەنەنەرمەکان )) ی مردوون یاخود لەدۆخی متبوونێکی کورت یان درێژخایەندان .ئیدی ئەو

شارەتوانای بیستنی خۆی و جیهانی نامێنێت ...بیستن وەک هۆکاری خۆگەیاندن و کۆچڕەوکردن بەرەو جیهانی دەرەوە . ئێمە دەبیستین واتەئێمە خۆمان گوێمان لەدەنگی جیهانە .کەواتەبیستن ئەو پردەیە کە دەمانگەیەنێت بەجیهان ، گەر ئەو پردەنەما ، گەر گوێچکە دەرەوەی نەبیست ئیدی (( لەناو –جیهان -دا بوون)) دەبێتە دۆخێکی بێمانا ، لەناو جیهاندا بونیش وەک زلۆتەردایک ڕاڤەی دەکات دەشێت تەنیا وەک (( لەناو -دەنگ -دا بوون)) شێوەگیر بێت .لەکاتێکدا ئەو شارەی ئەم ڕۆمانە دەیخوڵقێنێت گوێبیستی خۆی و جیهانە، شارێکە بەتەنیا لەشەقام و پارک و کۆشک و تەلار پێکنەهاتووە، شارێک نییەتەنیا ((تەنەڕەقەکان ))بینایان کردبێت بەڵکو ((تەنەنەرمەکان)) ، موزیک ، شعر ، هونەر، جوانی بریتین لەمۆتیڤ و پاڵنەری هەنگاوەکانی ڕەوتی ژیانی ئەو بەرەو چوونەناو جیهان ..وەک جەلادەتی کۆتر لەلاپەڕە 569دا دەڵێت :(( نهێنی هەرەگەورەی شاری مۆسیقارەسپییەکان ، لەشەقامەکان و کوچەکان و گەڕەکەبەرینەکانیدا نیە، بەڵکو ئەو نهێنییەلەمۆسیقاکان و تابلۆ و نامەکاندایەکەلەوێوەدەگەڕێنەوەبۆ جیهان )).

## موزیک و گۆڕانەمۆدێرنەکان

**ڕێگا بەرەو موزیک جیا نییەلەدووبارەبەدەستهێنانەوەی تاکئارایی و هەبوونئارایی گوێچکە،،، بەم مانایەبەشداریکردنی شارستانیەت بریتییەلەوەی لەسەر ڕێ بیت بەرەو موزیکێکی بەتاکگەر بوو .پیتەر زلۆتەردایک.**

لەپای ئەمەیە زلۆتەردایک لەڕێی ڕۆمانی دکتۆر فاوستۆسی تۆماس مانەوەموزیک بە((هەرێمێکی جنۆکەیی)) و ئەهریمەنی دادەنێت، چونکە موزیک بەشدارێکی هەرەسەرەکی تەشەنەکردنی کولتوری خۆرئاوایە . لێرەوەیە گەر بمانەوێت دەستنیشانی ئەو توخمانە بکەین کەپێکهاتەی سەردەمی نوێ ساز دەکەن ، موزیک ئیلەمێنتێکی سەرەکی ئەو پێکهاتەیەساز دەکات لەبەشداریکردنی بۆ دۆزینەوەو داهێنانەکانی سەردەمی مۆدێرنە .بەڕادەیەک ڕەنگەجوانترین بەرهەمی مۆدێرنەئەوەبێت کەمرۆڤی موزیکی بەرهەم هێناوە،وەک زلۆتەردایک دەڵێت :(( مرۆڤی موزیکی بەبێ هیچ گومانێک باڵاترین بەرهەمی فێرکراوی مۆدێرنەی ئەوروپییە.)) . دیاردەیەک کەبزووتنەوەو شۆڕشەکانی دنیای ئێمەنەیانهێناوەتەدی ، وەک بەختیار عەلی دەڵێت:(( یەکێک لەکێشەهەرەگەورەکانی مۆدێرنەلەوڵاتانی

ئێمەدا ئەوەیەهەرگیز ڕوویەکی مۆسیقی نەبووه)).
دیاره ئەورووپای ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو سەردەمەیەکەتیایدا داهێنانه موزیکییه گەورەکان لەدایک بوون ، واته کاتێک لەسەدەی 16و 17دا موزیک ڕسکا ، لەوێکاتەوه کولتوری فراوانخوازی دەستەڵاتی ئەورووپی فراژووی کرد، ئەورووپای مۆدێرن لەم پرینسیپەوه هاتەئاراوه که زلۆتەردایک بەم جۆره دەستنیشانی دەکات :(( وڵاتی نوێ ئەو کاتەهەیەکەدانیشتووانەکانی بتوانن هەرێمەکۆنەکانی ناو خۆیان بەئاگا بهێننەوه.)) .بەپێی ئەم تێۆریەی زلۆتەردایک مێژووی موزیک لەکۆچڕەوکردنی مرۆڤی مۆدێرن لەسەردەمی کۆلۆمبۆس و ماجەلانەوه بەرەو کەنارەکان دەستی پێکردووه .
بەوەشدا کەخۆرئاوا هێشتا درێژه به کولتوری پەلهاویشتن و چوونەناو جیهانەوه دەدات و خودی گلۆبالگەرایی لووتکەی ئێستای ئەو تەشەنەکردنه مۆدێرنەیه یه ئەوا هەر لێرەوه دەرک بەوەدەکەین چۆن موزیک بووه بەئایینی ڕاستەقینەی مۆدێرنه، واتەئەگەر ئایین ڕاڤەیەکی قووڵی بۆ گەڕانەوەی حەتمیانەی فانییەکان پێ بێت ، ئەوا بەموزیکی سەردەمی نوێ ئەلتەرناتیڤێکی پڕ تواناتر دێتەئاراوەکه بیچمێکی تۆکمە دەبەخشێت بەم دینامیکیەتی گەڕانەوەیه .لەڕاستیشدا موزیکی سەردەمی نوێ لەئایین ئایینی ترو ڕادیکالتره، چونکه موزیک دەتوانێت خۆی بخزێنێته ناو ئەو چینانەی هەناوەوه کەئایین بەزەحمەت پێی دەگات. واتەموزیک توانیویەتی دەستەڵاتێک بەڕۆحانیەت ببەخشێت کەخودی ئایین زەحمەته لێی تێ بگات ، ڕەنگەهەر لەبەر ئەمەش بێت هەر لەزووەوه لای هەموو ئایینەکان ولەدنیای ئیسلامیشدا موزیک حەرام کراوەو بەکاری شەیتانی و جنۆکەیی دادەنێت.
سامیری بابلی لەل 527دا بەجەلادەتی کۆتر دەڵێت : جەلادەت دەزانی دالیا بەمنی گووت ئەوەی بتوانێت گوێ لەمۆسیقا بگرێت ، دەتوانێت گوێ لەپێغەمبەرەکان نەگرێت ، چونکەئەوەی خودا دەیەوێت بەمرۆڤی بڵێت لەناو مۆسیقاشدا هەیه.
لەپێناوی ئەمەدا بۆئەوەی موزیکی دینی لەگەڵ موزیکی دنیایی تێکەڵ نەکەین دەبێت ئاگامان لەو کاریگەرییه دەروونییه هاوبەشه بێت کەدین و موزیک هەیانه ..چونکەئەفسوونی ئاین و ئەفسوونی موزیک لەسەر

قووڵایی و هەناوی مرۆڤ هەمان کاریگەریان هەیە بەڵام هەمان دەرهاویشتەیان نییە .دەرهاویشتەجیاوازەکەلەوەدایەکە ئاین و موزیکی ئاینی مرۆڤ لەجیهان دەدزن و دەیدەنەدەستی نادیار لەکاتێکدا موزیکی دنیایی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو جیهان. بەدیدی من ئەم خاڵە جیاکەرەوە یە یە کەوادەکات تێگەی بەختیار بۆ موزیک لەم ڕۆمانەیدا تێگەیەکی میستیکی و سۆفیگەری نەبێت ، وەبەبێ سەرنجدانەئەم جیاوازییە خوێنەر دەکەوێتەناو هەڵەیەکی سامناکەوە، چونکە ئەتمۆسفێری ڕۆمانەکە بەوەدا کەلەڕاستیە ئیزۆتریکیەکان و جوانییەڕۆحیەکان و هەناوی مرۆیی و جاویدانەگی دا پەخش بووەتەوە خوێنەری سادە زوو دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کەوا ئەمە باس لەدنیای سۆفیگەری و میستیکی دەکات. لەکاتێکدا ئێمەتەواو پێچەوانەدەبینین کەچەمکی ڕۆح لەو ڕۆمانەدا پتر مانایەکی ئۆنتۆلۆجی و کولتوری هەیە، واتەبەختیار وەک دیاردەناسێک ناتوانێت باس لەدیاردەیەک نەکات کەنییە، و وەک مرۆڤناسێکیش لەبارەی توانستێکی مرۆییەوە دەدوێت کەقووڵ لەدەروونی مرۆڤدا هەیەو ، وەک کولتورناسێکیش ناتوانێت نکوڵی لەکاریگەری و ئامادەیی دیاردەیەک بکات کەبووەتە سترەکتوری کولتورێک . کۆی ئەم خاڵانەوادەکەن ڕۆح لای ئەو لەناو ئەتمۆسفێرێکی کەینونی و مێژوویدا یاری بکات نەک لەناو کایەیەکی تیۆلۆگیدا.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت ، کەوا لەمێژەئایین کاریگەریەکی دینامیکی قووڵی لەسەر سایکۆلۆگی مرۆڤ هەبووە، بەڕادەیەک کەخودی ئایین وەک کارتێکەرێک بووشە بە سایکۆتیراپی و چارەسازی دەروونیانەی دەردە دەروونیەکانی مرۆڤ ، بەتایبەت لەوکاتەوەی پرسیارەکانی بەهەشت و زیندووبوونەوەی بەڕەوانبێژی و ڕیتۆریەکی بێوێنەوە خستووەتە پێشدەم مرۆڤ ، ئاوەهاش موزیک لەو باڵا هەڵکشاوەی خۆیدا هەر لەڕۆژگاری دێرینەوە گفتوگۆیەکی ئەبەدی بە(( ئاواز ))لەسەر جیاوازی نێوان ئەم دنیا (( جیهان)) و ئەودنیا (( نادیار)) هەڵگیرساندووە .لەکاتێکدا موزیک هەقیقەتی خۆی لەوێدا چێ دەکات ، بەپێی زلۆتەردایک، کاتێک دەڵێت : من رووەدەکەمە گوێچکە، گوێچکەیەک کەبریتییە لەجێگای یەکاڵاکردنەوەی (جیهان) لە( بەر – لەجیهان) .

سەردەمی نوێ کەچەرخێکە ئاماژە بۆ قۆناغێکی گرنگی شارستانیەتی خۆرئاوا دەکات ، تیایدا مرۆڤی خۆرئاوایی پرۆسەی ڕیفۆرمی ئارەزووەکانی خۆی بەفراوانی مەشق پێکردووە .هەرلێرەوەسەردەمی ڕۆشنگەری بەڕاستی بووە ئیپۆخی دۆزینەوەی ((جیهان)) و (( مرۆڤ)).هەمان ئەم وەرچەرخانە گەر بمانەوێت لەناو دنیای کوردیدا هەڵبیسەنگێنین ، ئێمەتەنیا ڕاپەڕینی بەهاری 1991شکدەبەین کەوەرچەرخانەکولتوریەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا بێت ، واتە ڕاپەڕین تەنیا هەستانێکی سیاسی جەماوەریانە نەبوو بەڵکو هاوکات بەو چەندین دەنگی ڕوناکبیر و بیرمەند و شاعیر دران بەگوێچکەی ئەو هەرێمەدا ، ئەوان بوون دەیانویست ڕاپەڕین ببێتە دەستپێکی کۆتایی پێهێنانی مێژووی ئەو چەکداریە کرۆنیکیەی بەژیانی کوردەوەلکابوو ، بەڵام سیاسیەکان گوێبیستی ئەو دەنگانە نەبوون بۆیەئەوان هێندە بێگوێ بووبوون کەلەتوانایاندا نەبوو گوێبیستی ئەو دەنگانەی خۆشیان بن کەپێشتر بانگەشیان بۆ دەکرد واتە "شۆڕش" . لۆجیکی ئەم دەستنیشانکردنە لەوەدایە ئەگەر گوێچکەی دەستەڵات گوێبیستی شۆڕش و ڕیفۆرم نەبوو ئەوا دەنگەکەی تر دەبیستێت کەشەڕی ناوخۆ و وێرانکردنی ناوخۆیە، ئەوەبوو تەواوی دەیەی نەوەدەکان لەدۆخی یەکتر نەبیستندا مایەوە کەبەشەڕی یەکترکوژی تەواو بوو ، دەیەیەک جگە لە وێرانە چ دیمەنێکی تری لێ نەبینرا .بەم پێیە ڕاپەڕین کەدەبوو دەروازەیەک بێت بۆ چوونە - ناو- جیهان کەچی کرایە خاڵی مانەوە لە ((بەر - لەجیهان)) دا . لەدوای 2003شەوە ناوچەکە و بەتایبەتیش دنیای کوردی بەتەواوەتی و بەشێوەیەکی زۆر ڕادیکالانە بەربۆتەوە ناو سەردەمێکی تەواو نوێوە کە لە هیچ قۆناغێکی پێشووی ئەو دنیایەدا بەدی ناکرێت .( هەندێ لەو سەرنجانەمان دەشێت لەم وتارەماندا : "ئەفسانەی شار"..لەڕۆژنامەی هاوڵاتی 2005/7/6 دا بە قوولتر بخوێنرێتەوە) . واتە لە2003/4/9 بەدواوە ئەو کولتورەی هەنووکەلەدنیای ئێمەدا باڵادەستە بەرەنجامی وەرچەرخانێکی بنچینەییە کە دەستەڵاتی سیاسی لەوێدا بەسەر (( ئارەزووەگەورەکان)) و ((هەستە بنەڕەتییەکان))ی مرۆڤدای هێناوێتی .واتە هەنووکەلەو دەڤەرەدا ڕیفۆرمێکی شێوێنەر

پیادەدەکرێت ، کەلەبری دۆزینەوەی ڕێگا بۆ چوونە -ناو - جیهان ، ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی پارە بەهەر هۆکارێک بێت بووەتە شادروشمی ژیان لەو دەڤەرەدا . لەوێ دەستەڵاتی سیاسی و هی بازاڕ بوونەتە مایەی وەرچەرخاندنی (ئارەزووە جوانە نەمرەکان) بۆ (جوانیە دەستکردە کاتییەکان) .لێرەوەیە دەبینین دەستەڵاتی سیاسی و ئابووری لەکوردستاندا عەشقێکی سامناکیان بۆ ئەو جیهانە نوێیە لاخولقاوە کە دەنگی پارەی لێ دەزرنگێتەوە .بەم پێیە گوێچکەی ئەو دەڤەرە تەنیا گوێبیستی دەنگە هەڵخەڵەتێنەرەکانە، تەنیا دەنگە ڕووکەشە کاتییەکان دەبیستێت و چاویشی تەنیا درەوشانەوەی گومڕاکەری زێڕ و گەنجینەکان دەبینێت ، لێرەدایە کۆمەڵگا کەبووە دۆستی سامان و نەبووە دۆستی هونەر ، کەبووە عاشقی ڕەونەقە ڕووکەشە کاتییەکان و نەبووە خەمخۆری شتە ڕۆحیە نەمرەکان ئیدی لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە، ئیدی ئەو قۆناغی عەدەمی خۆی دەگوزەرێنێت ، بەختیار عەلی لەچاوپێکەوتنەکەی لەهاوڵاتیدا دروست ئەمەی دەربڕیوە: ترسناکترین دۆخێک کەکۆمەڵگایەک ڕووبەڕووی بێتەوە ئەوەنییە لەلایەن هێزێکی دییەوە داگیر بکرێت ، بەڵکو ئەوەیەزۆرینەی زۆری ئەو کۆمەڵگایە دەنگی ئەو مرۆڤەی ناوخۆیانیان گوێ لێ نەبێت ، یاخود گوێبیستی نەبن ...داگیرکردنی ناشیرینی و بێباکی بۆ ناوەوەی مرۆڤ لەداگیرکردنی میللەتان بۆ یەک ترسناکترە .هەڵبەت ئەم ڕستەیە بەهەموو گوێچکەیەکدا ناچێت و هەموو عەقلێکیش پێی هەرس ناکرێت ، بۆ ئەوەی ئێمەئەرکی ئاسانکردنی شتەگرانەکان بگرینە ئەستۆ دەڵێین ، گەر مرۆڤ ناوەوەی ناشیرین بوو ، گەر ڕۆحی پووچەڵ و دزێو بوو مانای چ هێزێکی بۆ بەرگریکردن پێ نەماوە، چونکە هەبوونی هەناوێکی جوان لەمرۆڤدا مسۆگەرخوازێکە بۆ هەبوونی "سیستەمی ئیمون و بەرگری" تیایدا ، خۆ ئەگەر مرۆڤ ئەم سیستەمی بەرگرییەی نەبوو مانای وایە ئەو هەر زووتر لەلایەن دزێوییەوە داگیرکراوەو خۆی داوەبەدەست پووچایەتیەوە .کەواتە ئەوەی کەپێویستە لە مرۆڤدا هەبێت تاوەکو بتوانێت بەرگری بکات بریتیە لە هۆش و جۆش کە مەحویش بەر لەپتر لەسەدەیەک وتویەتی : سەر کەهۆشێکی نەبێت من زرکەکاڵم بۆ چیە ...دڵ کەجۆشێکی نەبێت شیشەی

بەتاڵم بۆچیە .
کۆڵەوارە ئەوعەقلەی پێیوابێت مرۆڤ بوونەوەرێکە بەبێ جوانیەکان دەتوانێت بژی بەڵام بەبێ هەقیقەت ناتوانێت ، ئەم بیرکردنەوەیەلەو سەرچاوەئیدیۆلۆگیەوەهەڵقوڵاوە کەخودی مرۆڤ دەداتەدەست تاکە هەقیقەتێکی ڕەها و بەس .لەکاتێکدا مرۆڤ بوونەوەرێکە فرەهەقیقەت و فرەهەستە .هەستەکانی ناوەوەش ئەو هەقیقەتە جوانانەن کەپاڵهێزی درێژەدانن بەژیان ، ئەو هەستە جوانانە وا لەمرۆڤ دەکەن چیتر ئەو واقیعە تاڵ و دزێوە لەئەستۆ هەڵنەگرن و کار بکەن بۆ گۆڕین و جوانکردنی. پەیامی جوانی و هونەر لێرەدا بەرجەستەدەبێت کەخۆی نادات بەدەست ئەو مێژووەوە، بگرە لێشی یاخی دەبێت ، چونکە سۆنگەی سەرەکی هەر ڕادیکالبونێک ڕۆچوونی زیاد لەپێویستە بۆناو هەقیقەت ، لێرەوەیەبۆئەوەی لەناو هەقیقەتدا ، وەک سەرچاوەیەکی ڕادیکال دروستکەر ، ون نەبین ،خۆمان دەکەین بەدەروازەی جوانی و هونەردا . نیتشەوتەنی : " ئێمەهونەرمان هەیە بۆ ئەوەی زۆر ڕۆنەچینەناو هەقیقەتەوە. لەسەر هەمان ئاواز "هوگۆ باڵ" دەڵێت : " مرۆڤ ناتوانێت هونەرمەند بێت و باوەڕی بەمێژوو هەبێت .". بۆیە بەبێ پاراستنی ئەو هەستانەکۆئەندامی بەرگیکردن شکست دەهێنێت لەبەرەنگاربوونەوەی هەر واقیعێکی دزێوی ناوخۆ و هەر هێزێکی دەرەکی داگیرکەر. .لەپای ئەمەیە زلۆتەردایک دەڵێت : بەرگری لەژیانی بیۆلۆگی بەبێ بەرگری لەهونەری ژیان نەشیاوە .
ئەو ڕستەیەی سەرەوەی بەختیاریش لەوەئاگادارمان دەکاتەوە کەوا ئێمەنابێت ئەوەمان لەیاد بچێت گەر مرۆ زوبیەکت و جەوهەری خۆی ونکرد ئیدی خودی مرۆڤیش لەمرۆڤبوون دەکەوێت .لەچاوی مندا ونکردنی هەستەکان ، جوانیەکان و هەر زوبیەکتیکی هەناوی مرۆیی هاوکاتە بۆ بزرکردنی خودی ئەو ئۆبیەکتە ...وەک جەلادەتی کۆتر دەڵێت : " شارێک کەگۆڕستانی مۆسیقایە، کەگۆڕستانی شیعرە، گۆڕستانی مرۆڤیشە .ل 449". هیچ هەرێمێک هیچ کاتێک ناتوانێت بەبێ ئەو زوبیەکتانە ژیانێکی مرۆڤانە بژی ، گەر ئەو زوبیەکتانەی لێ داماڵرا ئیدی مرۆڤایەتیبوونی لێ زەوت دەکرێت ، چونکە لەشارێکدا گەر موزیک ،

شیعر وه جوانی نەبوون بێگومان مرۆڤیش نییە . پۆل ڤالێری لەم ڕووەوەدەڵێت : چاڵی مێژوو جێی تەواوی بۆ هەمووشتێک هەیە. واتەئەوەی کەشیاوی لەناوچوون و لەگۆڕنانە تەنیا مرۆڤ نییە، ئەوەتەنیا مرۆڤ نییە کە دەمرێت بەڵکو شارستانیەتەکانیش شیاوی مردنن ، کەواتە لەشارێکیشدا کەشارستانیەت مردبوو بێگوومان مرۆڤیش تیایدا زیندوو ناژی.

کولتوری خۆرئاوا لەڕێی ڕاڤەکانی ئەدۆرنۆ لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم و لەهەشتاکانی هەمان سەدەش بەدواوە پیتەر زلۆتەردایک بەو ڕاسیتییە گەیشتووە کە کەمۆدێرنە بەپێی هونەر، بەتایبەت هونەری موزیک و نیگارکێشی، ڕەوتی کردووە، مۆدێرنە هەر هەڵەیەکیشی کردبێت لەبەر ئەوەکردوویەتی چونکە موزیکایەتی خۆی دۆڕاندووە ، واتەئەو ڕێگا هەڵانەی مۆدێرنە هەیبووە دواجار هەموویان دەچنەوەسەر ڕێگای ناموزیکایەتی . هەنووکەی ڕێگای مۆدێرنەی کوردیش پێدەچێت ڕێگای ناموزیکایەتی بۆ خۆی خۆش بکات ، بەوەدا کەئێستا دەرفەتی پرۆسێسی ئاوەدانکردنەوەیەکی ڕۆحی و مادی وەک دەرفەتێکی مێژوویی بۆمان هەڵکەوتووە، کەچی دەستەڵاتی سیاسی و ئارەزووی سامانچنۆکیانەی جەماوەری پتر دیوەترسناکەکەی ئەم دەرفەتەیان قۆستۆتەوە.

ئەوان تەنیا بایەخ بەئاوەدانکردنەوەی ڕووکەشی وێرانەکەدەدەن ، لەکاتێکدا مەسەلەکەپتر پێویستی بەئاوەدانکردنەوەی جەوهەری وێرانەکەیە.

پەیدابوونی ئەم غەریزەی چنۆکی و ئیرەیی خۆدەوڵەمەندکردنە وادەکات گووتارێکی تر و تێگەیشتنێکی تر لای مرۆڤی نوێی کورد بۆ ژیان و بۆ ئازادی هەبێت .

لەکاتێکدا سەردەمانێک بوو ئازادی لای ئەو مانایەکی سیاسی و کەینونی هەبوو ئەمڕۆ ئازادی لای ئەو بریتیە لەئازادی زۆرهەبوونی و زۆر سەرفکردن، ئازادی ئەوەی چەندێک بۆت بلوێت سامان کەڵەکەبکەیت. هەڵبەت دوای خوێندنەوەیەکی نوێ ی ئەنترۆپۆلۆژی و پسایکۆلۆجی ئەوەدەرئەنجام دەبێت کەوا ئەم جۆرە وەرچەرخانە بریتییە لە گۆڕینەوەی مانای "ئازادی" بەمانای "بەفیڕۆدان" ، بریتییە لە بێهوودەپێکردنی

هەستەکانی ناوەوەی مرۆڤ لەڕێی خۆدانەدەست خۆنواندنێکی دەستکردانەی دەرەکی ، بریتییە لە بیناکردنی قاوغی شار لەسەر حساب و تێچووی هەناوی شارستانیەت. دیارە نابێت نکوڵی لەوە بکرێت کەلەپاڵ هەموو ئەو هۆکارە خۆییانەدا گلۆبالگەری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەدەرکەوتنی ئەم ڕەوتە نوێیەدا. بەڵام خاڵەسەمەرەکەلەوەدایەکەکۆمەڵگای کوردی هێشتا تازەبوو هەناسەی ئازادی دەدا ، تازەبەتازەبوو خەونەکانی شۆڕێکی کرۆنیکی میللەتێک دەبووەڕاستی ، کەچی بینیمان باوکان و کوڕانی ئەو شۆڕشە لە پەیمان و پەیامەکانی خۆیان پاشگەز بوونەوە، بگرەوایان کرد دەستەڵاتی سیاسی بکەنە ئامراز و ئینسترومێنتێک بۆ بەدەستهێنانی سامان و پارە. ئەم حاڵەتەش وا لەئێمەدەکات جۆرێک لەسینیزم لەناو بونیادی پەیامی ئەو شۆڕشەدا ببینینەوە. واتە بابڵێین کاتێک شۆڕشێک بەرپا دەبێت دەخوازێت واقیعێک وەرچەرخێنێت و دنیایەکی تاریک ڕۆشن بکاتەوە، بەڵام سینیزم و گاڵتەجاڕی لەوەدایە گەر خودی ئەو شۆڕشە بووە منداڵدانی لەدایکبوونی تاریکی و جۆرێکی تری ستەمکاری. سینیزم ئەوەیە تۆ لەواقیعێکی پەتلیمۆسیدا بژیت و داوای شۆڕشێکی کۆپەرنیکۆسی بکەیت بەڵام دواجار خۆت ببیتەوە بەپەتلیمۆسێک . بەمەش شۆڕش خۆی لەمانا نێگەتیڤەکاندا مانیفێست دەکات ، بەڕادەیەک دەشێت بڵێین (( ئێمەهەرگیز شۆڕشخواز نەبووین )). ئەمەش حوکمێکە ئێمەلەبناغەیەکی فەلسەفی و کولتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە دەیدەین بەڕووی ئەو دەڤەرەدا. کەواتە ونکردنی ناوەوەی مرۆڤ گەلێک مەترسیدارترە لەدۆڕاندنی دەرەوەی. دروست وەک بەختیار دەڵێت : داگیرکردنی ناوەوەی مرۆڤ لەلایەن بێباکییەوە مەترسیدارترە لەداگیرکردنی مرۆڤ لەلایەن دوژمنەوە.

من ڕاپەڕینی بەهاری 1991 وەک دەستپێکی لەدایکبوونی کورد تەماشا دەکەم ، لەدایکبوون واتەخۆپچڕاندن لەهەناوێکەوەو هاتنە ناو جیهان . بەمانای ئیدی کورد وەکو دازاینێک دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا بێتە ناو جیهانەوە، ئەویش لەڕێی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییەی بۆی ڕەخسا تاوەکو ڕەنج بدەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی وێرانەکان و کاربکەن بۆ

بەرپاکردنی کولتوری دیموکراسی و بیرکردنەوەی عەقلانی و دەرککردن بەهۆشیاری مێژوویی وبەڕۆحی سەردەم . بەڵام ڕووداوەکارەساتاوییەکانی یەکترکوژی و گوێ لەیەکتر نەگرتن جارێکی تر خەونی ئاوەدانکردنەوەکەی لەبارخستەوە.. لەکاتێکدا دەبوو ڕۆشنگەرییەک و ڕێنیسانسێک بەرپا بکرێت کەکورد بخاتەسەر ڕێگای چوونەناو جیهان.

ئەمەش لەڕێی خۆڕیفۆرمکردنەوە دەبوو ، خۆڕیفۆرمکردنیش جگە لە خوێندنەوەو ڕەخنەلەخۆگرتن چیتر نییە، خۆڕیفۆرمکردن واتەگوێ لەخۆگرتن ، بەبێ گوێ لەخۆگرتنیش مەحاڵەهیچ جەوهەرێکی تێگەیشتن ، هیچ هونەرێکی بیرکردنەوە لەمرۆڤدا چێ بێت. کەئەمەش ڕووینەدا ، کارەسات لەدوای کارەسات لەدایک دەبێت ، دۆخەکەسامناکتر دەبێت لەوەی کەهەیە، ئەگەرچی مرۆڤی کوردی چیدی کۆلۆنیکراوی هێزەبێگانەکان نییە، بەڵام گوێنەگرتن (( لەو مرۆڤەی ناوەوەی خۆی )) مانای خۆکۆلۆنیکردن بەکەڕکردنی گوێچکەو بەونکردنی هەستی بیستن ، واتە ئیدی خۆمان هەڕەشە لەڕۆحی نەتەوەدەکەین ، ئاخر نەتەوەخۆی چییەجگە لە دەنگێکی کۆلێکتیڤ ، لەکۆدەنگێک کەدەبێتە دایکێکی سیاسی هەموو تاکێک... ئێمەدەبێت ئەوەبزانین بەبێ بیستنی ئەم دەنگەچیدی دەرفەتی چوونە - ناو - جیهان شیاو نابێت.دروست وەک بەختیار عەلی پێیوایە ترسناکترین دۆخێک ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەک بێتەوە ئەوەیە خەڵکەکەی گوێبیستی ناوەوەی خۆیان نەبن. بۆیە ئەوەی ڕێگرە لەپێشدەم هەر بوونەوەرێک بچێتەناو جیهانەوە، ئەوەی وا دەکات ئەو بوونەوەرەلەجیهان دابڕێت بەتەنیا خەوتن و گێلێتی نییە، بەڵکو ونکردنی جوانی و گوێ لەخۆنەگرتن بریتین لەوکایەیانەی مرۆڤ بەکردەوە لەچوونەناو جیهانەوەدادەبڕن . لێرەدایە نەتەوەیەک کەنەتوانێت بچێتەناو جیهان لەبەرئەوەیە کەبەرگری لەژیانی بیۆلۆگی خستۆتە پێشەوەی بەرگری لەهونەری ژیان . واتەلەو دەقەرەدا هونەری بەرگریکردن لە" بەزیندوویی مانەوە" زاڵە بەسەر هونەری " درێژخایاندن و گەشەپێدانی ژیان" . ئەوەشی بخوازێت نکوڵی لەم ڕاستییەبکات ئەوە لاساری لەلۆگیکی بەزیندوویی مانەوە لەژیاندا دەکات . کورد خەباتی درێژخایەنی بۆ مانەوەی

بیۆلۆگیانەی ژیانی بووە، واتەتێگەیشتنی ئەو بۆ بەزیندوومانەوە لەژیاندا لەم چوارچێوەیە تێنەپەڕیوە، بەدیوێکدا ئەمەبووەتەمایەی چالاککردنی سیستەمی بەرگری ئەوکە تەواوی بزووتنەوەو خەباتە سیاسی و چەکدارییە درێژخایانەکانی ئەمەدەسەلمێنن ، بەدیوەکەی تریشدا ئەوەدەسەلمێنێت کەوا کورد لەو خەباتە درێژخایانەیدا چ دەرفەتێکی بۆ خەباتی هونەری ژیان تۆمار نەکردووە. کەهەردوو دیوەکە پێکەوەدەتوانن ئولفەتی هونەری ژیان و بیۆلۆگی ژیان لەپێناوی بەزیندوویی مانەوە لەژیاندا ساتار بکەن. بەبێ هەماهەنگبوونی ئەم دوو دیوەی ژیان ، هەر شۆڕشیک ، هەر ڕیفۆرمێک کەم دەهێنێت و بەرێگای هەڵەدا دەڕوات.
ئەم کارەی بەختیار دەیەوێت ئەو ئولفەتە بزربووە (( ئەگەر پێشتر هەیبوو بێت؟)) لە نێوان هونەری ژیان و بیۆلۆگی ژیان لەناو کولتوری ئێمەدا ساز بکاتەوە. وانەیەکمان دەداتێ کەپەندەکەی ئەمەیە: گەر هەرشتێک لەبەردەم ژیاندا ئەرگومێنت بێت ، ئەوا ژیان خۆی بریتی نییەلەئەرگومێنتێکی پەتی ، چونکەهیچ خەیاڵ و هیچ فانتازیایەک نییە تامی ژیان بدات ، ، هیچ نووسینێک نییە بتوانێت ژیان لەچوارچێوە بگرێت بەڵام نووسین لەسەر ژیان بریتیە لە جوانترین هونەری ژیان. ئێمە لەم ڕۆمانەوە ژیان جوانتر دەبینین وەک لەوەی لەواقیعدا هەیە،ئەگەر وانەبێت ئیتر ئێمە ئەدەب و هونەرمان بۆچییە گەر وانەکەن ژیان جوانتر دەر بکەوێت. ئەم ڕۆمانە کە بانگی جاویدانی و هەرمانی دەکات وەک ئەوەیە سروودێک بۆ دەرون و بۆ هۆشمەندی بچڕێت . لەم ڕۆمانەدا موزیک فیگورێکە بۆ پردی هاتوچۆکردنی مرۆڤ لەنێوان ناتور و کولتور دا. لێرەوەیە پەیامی ڕۆمانەکە پێمان دەڵێت ، سروشتی ئەو دەڤەرە بۆ ئەوەی تیایدا کولتوری موزیکی لەدایک بێت و میللەتیش وەکو نەتەوەیەک بچێتەناو جیهانەوە ئەوا دەبێت سەرەتا ڕۆمان بخوڵقێنین ، بەم پێیە ئەم کارەش هەوڵێکە بۆ لەدایکبوونی موزیک لەڕۆحی ڕۆمانەوە.

## موزیک و یادەوەری

کرۆکی موزیک لەڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا بۆ ئەوەیە یادەوەرییەکی دێرینی ناو زەمەنی ئەو دەڤەرەمان بۆ ئەکتیڤ بکات ، هەر

دەڤەرێک تووشی لەیادکردن بوو ئەوە سیستەمی بەرگریەکەی زوو دادەڕزێت ، دواجاریش زۆر بەئاسانی کۆلۆنی دەکرێت .
جەلادەتی کۆتر لەلاپەڕەی 449 دا دەڵێت : مۆسیقا هیچ نییەجگەلەدەنگی ڕەهای مرۆڤ ، دەنگی مرۆڤ بەوجۆرەی کەلەسەروو زمان و سەروو زەمان و سەروو شوێنەوەیە، بەڵام مرۆڤێک نا کەتراژیدیاکانی خۆی لەبیرچۆتەوە.
موزیک هونەرێکی باڵای پاراستنی زەمانەکانە، موزیک لەسەروو زمانیشەوەیە ، بەوپێیەی زمان بەرجەستەکەری کردەزەمانییەکانە،چونکە لەکوێدا زمان وەستا لەوێدا موزیک درێژەبە زمان دەدات ، ئەو لەناو میلۆدی یادەوەری و پێشهاتبینیدا دەژی ، ئەم ڕستەیەی جەلادەتی کۆتر موزیک وەها دەناسێت ، کەلەهەڵسەنگاندنی پەیوەندی ئایندە بەڕابوردووەوە، لەو شتانەی بەدوای یەکدا دێن و هاوکات بەیەکتر پێکەوە دەنگ دەدەنەوە. موزیک بەستنەوەی لەحزەیە بەئەبەدیەتەوە، ڕێکخستنی ڕیتمەکانی ناوەوەمانە بە دەرەوەمانەوە، ڕەهاکردنی دەنگی مرۆڤەو ئاشنا کردنەوەمانە بەو ڕۆژگارانەی لەیادمان کردوون کەلەڕاستیدا نابێت لەیاد بکرێن ، هاوکۆکردنی کۆی سروشت ، مێژوو ، جیهان و گەردوون ، شوێن و کاتە. جەلادەتی کۆتر ئەو فیگورەجوانەیە کەوا دەکات ڕووداوەکانی ئەو دەڤەرەهەرگیز لەبیرنەکرێن ، هەموو ئەو تراژیدیایانەی بەسەر ئەو هەرێمەو خودی جەلادەتدا هاتن ئەو بە فانتازیا جوانەکانی توانیویەتی ئێمەبۆ دوورترین ئاسۆی یادەوەری بگەیەنێت. جەلادەت ئەو کۆترەیە کە لەڕووداوەکانەوەو لەڕۆمانەکەوە گمەی پەیامی خۆی زۆر بەهێمنی دەگەیەنێت پێمان ، نیتشە گووتەنی : بیرۆکەگەورەکان بەپێی کۆتر دێن بۆ لامان. جەلادەت خودی ئەو کۆترەیەکەبیرۆکەگەورەکانی پێیەبۆمان.
ئەمیل سیۆران لەکتێبی (( لەبارەی فرمێسکەکان و موقەدەسەکانەوەل 23 )) دا دەڵێت : ئێمەلەناو خۆماندا تەواوی موزیکمان هەڵگرتووە، موزیک دەست لەچینە قووڵەکانی یادەوەری دەدات . هەموو شتێکی موزیکی سەر بەیاداشتە. تەنانەت ئەو ساتانەشی کەئێمەهێشتا چ ناوێکمان هەڵنەگرتبوو ، ئێمەگوێمان لەشتەکان هەربووە.)) بەهەمان ئەم مانایە ڕۆمانی ش.م.س.

دەیەوێت بڵێت ، موزیک بریتییە لە چینی بنەوەی مێژوو، لەیادەوەرییەکی باڵای ناو زەمەن ، کەدەتوانێت نمایشی هەموو چرکەساتییەکان و ئەبەدییەکانی ناو مێژوو بکاتەوە. ئەو لەناو ڕەوتی میلۆدیانەی یادەوەری و پێشهاتبینی ، دەنگ و بێدەنگی ، ژیان و مەرگ دا دەژی. جەلادەتی کۆتر لەل 326 دا دەڵێت : ببیت بەمۆسیقار مانای ئەوەی لەنێوان ژیان و مردندا جۆلانێ بکەیت ، وەک چۆن مۆسیقا لەنێوان دەنگ وبێدەنگیدا جۆلانێ دەکات.

موزیک کۆی ئۆرگانەکانمان یەکدەخات ، جووڵەی جەستە و خرۆشانەکانی هەناومان بەتۆڕێکی ئاوریشمی پێکەوەگرێچن دەکات ، سەما کردن ڕەنگە باشترین نموونە بێت بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە، چونکە سەما جگەلەوەی جووڵەی ئیرادەی جەستە ئازاد دەکات لەهەمانکاتدا هەڵڕژانی هەموو خرۆشەکانی ناوەوەمانە، بۆیە کە سەمایەک دەبینین هاوکات گوێبیستی ڕیتمێکی موزیکی دەبین. موزیک تەنیا ڕۆچوونەهەناو نییە، بەڵکو توانستێکیشە بۆ دەرچوون . من پێموایە لەوانەیە موزیک تاکەهونەر بێت کەبتوانێت یادەوەری تاک و یادەوەری کۆ گوزارە لێ بکات. لێرەوەیە دەگەینە ئەو خاڵەی بایەخی "" گوێچکەو بیستن "" لەناو کولتور دا دەخاتەڕوو، کەئێمە لە دەستپێکی ئەم نووسینەدا وەکو ئامانجی باسەکە دەستنیشانمان کرد ، ئەویش ئەوەیە زۆر بەکورتی بڵێین ، ونکردنی یادەوەری لەناو کولتوری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ونکردنی گوێچکەی موزیک و هەستی بیستنێکی ئۆنتۆلۆجیانە.

ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانیش کەدەخوازێت موزیکایەتی لەناو کولتورێکی ناموزیکایەتیدا بخوڵقێنێت ، لەو بنەمایەوە ئەم دیدگایە هەڵچنراوە کەوا چیدی دەبێت گوێچکەی ئەو کولتورەبەجۆرێکی تر فێری بیستن ببێتەوە، واتەتێگەیشتنی لەموزیک وەها بێت کەببەبەشداریکەرێکی هەرەگرنگی دروستکردنی شارستانیەت و ژیاری هاوچەرخی دابنێت . بتەوێت لەهەر کۆمەڵگایەکدا گۆڕان بخوڵقێنیت دەبێت لەموزیکەوەدەست پێ بکەیت ، لەکوێشدا موزیک نەبوو لەوێدا شتێک کەمە. ئەو عەقلانەی لەگۆڕان و لەشۆڕش ترساون ئەو گوێچکانەن کەموزیکی نین ، وەک

گوێچکەی هەنووکەی ئەو شارەکە بووە بەبەرد . شەڕی نێوان نەریتگەری و نوێگەری کەپۆلیمیکێکی کرۆنیکی ناو کولتورەکان بووەو هەر دەشبێت، تەنیا لەناو کایەئەدەبی و فیکری و سیاسییەکاندا خول ناخوات ، بەڵکو کایەی موزیک بەشێکی گەورەی ئەم پۆلیمیکەی بەرکەوتووە، شتێک کەهێشتا ڕۆشنبیری کوردی دەرکی پێنەکردووە،، جارێکی تر سوپاس بۆ بەختیار کەئەم پۆلیمیکەی وروژاند ... بەنموونە پلاتۆن ، کەپەتریارکی کۆنەپارێزەکانە، لەبەردەم مەترسییەکانی ئەو موزیکە نوێیانەی کە لەشارەکانی ترەوەدەهاتن ، ترسی لەوەهەبوو کەئەوانە دەبنە مایەی لەقاندنی بنەماکانی (( شار )) ... دواتر ئاینەکان بەگشتی بەشدارن لەخولقاندنی ڕێگری لەپێشدەم موزیکدا لەڕێی تابۆ کردنی و بەشەیتانی کردنی . لەسەدەکانی ناوەڕاستدا قەدەغە کردنێکی توند لەسەر موزیک و سەما هەبوو .. لەدنیای ئیسلامیشدا هەمووومان دەزانین حەرامێکی چەند توند لەسەر موزیک هەیە، برادەرێکی ئیسلامی عەرەب جارێک پێی گووتم ، مۆسیقارەکان لەو دنیا دەبن بەسەگ ؟؟؟ ... لەسەدەی 20 دا لەوڵاتە سۆشیالیستیەکاندا موزیک و گۆرانی گوتن بەهونەری بورژوا دادەنرا..

من کچێکی هەشت ساڵانم هەیە ناوی(( سەما)) یە ، جارێک لێی پرسیم بۆچی ناومناوە((سەما)) ، پێمگووت ، لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکە بۆ سەما وشادی خوڵقاوە.

لێرەوەیە بەختیاریش گرنگی و بایەخی موزیک لەگۆڕانی کۆمەڵگاکان و کولتورەکاندا باش دەزانێت بۆیەلەم ڕۆمانەیدا بەقووڵی ڕۆچۆتە ناو زوبستانسی ئەو کولتورەوەو پاش ئەوەی سەردەردەهێنێتەوە پێمان دەڵێت ئەم جیهانە گوێچکەی موزیکی کەمە.

بەختیارعەلی بەمانای وشە مرۆڤێکی گۆڕانخواز ، شۆڕشویست و گەڕۆک و نوێگەرە، کەسێکە پێیوایە سروشت و ناتوری مرۆڤ و کۆمەڵگا ناشێت پاک و جوان بێتەوە گەر موزیکایەتی توخمێکی بەشداری کولتورەکەی نەبێت ، ئەو وەک نیتشە پێیوایە" بەبێ موزیک ژیان دەبووەهەڵەیەک " .

بەڵام ئەگەر زاراوەی موزیکۆلۆگی لای نیتشە" دیۆنیزیۆس"" بەرجەستەی بکات ، ئەوا لای بەختیار "جەلادەتی کۆتر" ئەو فیگورەیەکەبەرجەستەی

موزیکایەتی دەکات . دیۆنیزیۆس تەعبیر لەژیان وەک ژیانێک بگوزەرێنێت ناکات ، چونکە دیۆنیزیۆس هێشتا هەر فیگورێکی خوداییە،فیگورێکە نیتشە لەسەرچاوەیەکی میتییەوە دەیخوازێت بۆ سەرزەمین ، لەکاتێکدا جەلادەت نە فیگورێکی خوداییەو نەئەفسانەیی و نە میتیشە، بەڵکو ئەم فیگورێکی سەرزەمینی و مێژوویانەیەکە لەواقیعێکدا دەژی لەپێستەوە تا سەر ئێسقان ، لەڕووکەشەوە تاوەکو هەناو نوقمی دۆکومێنتەکان و ئەرگومێنتەکانی تراژیدیای مێژووی ئەو هەرێمەیە. واقیعێک خودا چەندێک تەنیایە ئەویش هێندە تەنیایە.
کۆڵەواری ڕۆشنبیری کوردی لەوێدا متبووە کەتا ئێستا بەتەنیا بەسەرکردنەوەیەک ئاوڕی لەڕۆڵی موزیکایەتی نەداوەتەوە. لەکاتێکدا وەک وتمان موزیک ئیلەمێنتێکی سەرەکی هەر کولتورێکە.
لەخۆرئاوا یەکێک لەو توخمانەی دیاردەی کشانی ئەوروپایان تەشەنە پێکرد هونەری موزیک بوو ... لەهەر جێیەکی ئەم دونیایەباس لەموزیک بکرێت مرۆڤ ڕاستەوخۆ ناوەکانی بتهۆڤن ، مۆزارت ، باخ ، ڤاگنەر ، شۆبان ، شوبارت و لیتس و....تاد. ی دێتە بەرگوێ . ئەمە بەو مانایە نییە کەخۆرهەلات بێبەشە لەموزیک ، بەپێچەوانەوە، ڕەنگەسەرچاوەی هەموو موزیکێک خۆرهەلات بێت بەلام کێشەکە لەوەدایە خۆرهەلات نەیتوانیوە موزیک بکاتە هێزێکی هاوبەشی گەشەکردنی کولتوری ، کارێک کە خۆرئاوا لەمێژە کردوویەتی .
موزیک هونەرێکی دەنگەوەری ئەبستراکت نییە و لەڕێی ئامێرەکانەوە بژەنرێت ، واتە یاریکردنێکی هەرەمەکیانە نییە بەچینەکانی دەنگ ، بەڵکو تەماشاکردنی جیهانە وەک ئامێرێک و دەبێت ئێمە ئەو ئامێرە بژەنین ، موزیک ڕوانینێکی ڕۆحی و ئیستاتیکی چالاکە لەکایەی چێکردنی هۆشیاریدا ، بۆیەڕێکەوت نیە کە هیگڵ و بتهۆڤن هاوسەردەم بن و نیتشەو ڤاگنەر هاوڕێ و لەهەندێک ساتیشدا هاوبیر بن ، وەلەسەردەمی ئێستاشماندا دەبینین فیلۆسۆف و کولتورناسی ئەڵمانی پیتەر سلۆتەردایک هاوڕێ لەگەڵ دانەری موزیکی ناوداری ئەڵمانی "ڤۆلڤگانگ ڕیهم " ی هاوڕێیدا پێکەوە کاری فەلسەفی و موزیکی لەکۆڕ و سەمینار و بۆنەکاندا ساز دەکەن. ئەم

کارەی بەختیاریش لەوجۆرەکارانەیە کە کایەکانی ئەدەب و هونەر و فیکر پێکەوە لە زمانێکی شیعری – فەلسەفیدا شێوەگیر کردووە، واتەدەشێت بڵێین لەم کارەدا بەختیار هەم بیریارەو هەم شاعیرە، هەم کولتورناسەو هەم موزیکناسە. ئەمەش وامان لێدەکات کەوەک بوونەوەرێکی کەنتاوری تەماشای بکەین. زیرەکی بەختیاریش لەوەدایە کە موزیکی وەکو کایەیەکی ئیستاتیکی هەڵبژاردووەبۆ دۆزینەوەی ڕووبەرەجوانەبزربووەکانی ئەو کولتورە.
چونکە بیرکردنەوە بەبێ هەبوونی کایەیەکی ئیستاتیکی ناتوانێت خولیاکانی خۆی مەشق پێبکات ، کەئەمەش نەبوو ئیدی بیرکردنەوەناتوانێت خۆی بگەیەنێتە ڕەهەندە دوورەکانی فەلسەفە، زلۆتەردایک لەم ڕووەوەدەڵێت : "" بەبێ خولیاییەک بۆ هەرێمە پوختەکان ، بیرکردنەوە ناتوانێت خۆی ببەستێتەوە بەفەلسەفەوە. "".
موزیک ئەو هەرێمە پوختەیە کەتیایدا بیرکردنەوەی فەلسەفی دەڕسکێت . بەبێ هەبوونی گوێچکەیەکی موزیکیش ناشێت ئێمە نە موزیک و نەبیرکردنەوە بەدەست بهێنین . بەبێ ئەم پرینسیپەش مرۆڤ هەستی بیستنی وندەکات . واتەمەسەلەکە لەوەدا نیە کە گوێچکە وەک ئۆرگانێکی فیزیکی کەڕ دەبێت بەڵکو مەترسییەکە لەوەدایە کە هەستی بیستن لەناو دەبرێت . ئەمەحاڵەتی بتهۆڤن دەهێنێتەوە بیرمان کەئەگەرچی ئەو گوێچکەی ئاسایی بزرکردبوو کەچی هەستی بیستنی هێشتا لەوپەڕی کاراییدا بوو ، ئەو بەگوێچکە ڕۆحییەکەی گوێتە و بەگوێچکەی سێهەمی نیتشە دەیبیست . هایدێگەر دەڵێت : " ئێمەلەبەرئەوە نابیستین کەگوێچکەمان هەیە بەڵکو لەبەر ئەوە گوێچکەمان هەیە چونکە دەبیستین."
ڕستەی " گوێچکەی ئەم شارەبووەبەبەرد" دیاگنۆزەی جیهانێکە کە تەنیا گوێچکەی بزر نەکردووە، بەڵکو هەستی بیستنی بزر کردووە، هەستێک کە دەنگ و بێدەنگی جیهانی پێ دەبیستێت وبیرکردنەوەی پێ مسۆگەر دەکات ئەو ڕستەیە سروشتێکی میتافیزیکی مەعریفی هەیەکەئاماژەیەلەسەر ئەوەی ناسینی دنیای ئێمەلەڕێی بیستنەوە شیاوترین دەروازەی چوونە ناوەوەیە. ئەم ڕستەیە دەڵێت ئەم دنیایە چیدی دەنگی (دەرەوە/ جیهان ) نابیستێت ،

لەمەشەوە ئەو ناتوانێت گوێبیستی (ناوەوە/ خود) بێت. ئەم شارە جیهانێکە زوبیەکتەکەی هەستی بیستنی خۆی و جیهانی بزر کردووە. ئەم کەینونەیە لەناو زوبیەکتی خۆیدا ئۆبیەکتی جیهانی دۆڕاندووە. لەبەرئەوەی میدیۆمی بیستنی چیدی دەرەوە نابیستێت ، چیدی ناتوانێت لەڕێی بیرکردنەوەوە بێدەنگی بهێنێتە دەنگ و دەنگ بکاتە دەنگدانەوە.

بیرکردنەوە واتە بیستنی بێدەنگی جیهان ، بیرکردنەوە وادەکات بێدەنگی ببێتە دەنگ و دەنگیش ببێتە دەنگدانەوە، موسیقاش بریتییەلەوەی بێدەنگی جیهان ببیستیت ، بێدەنگی جیهانیش لەناو ڕازە پەنهانەکانی ڕۆح و لەناو لۆچەکانی جیهاندایە کە تەنیا بەگوێچکەی ناوەوەمان دەتوانین گوێبیستیان بین ، بەو گوێچکەیەی کەڕێبەرایەتی چوونەناو جیهانمان دەکات ، بەڵام گەر گوێچکە بووبە بەرد واتە چیتر ئەرشیتێکتوری بیستن و دەنگ و بیرکردنەوە دادەڕمێت . چیدی پەی بەنهێنییەکانی دونیا نابرێت و ئێمە لەسەر دیوە دەرەکی و ڕووکەشەکەی جیهان دەمێنینەوەبەبێ ئەوەی بچینەناو جیهانەوە.

بەڵام گەر هەستی بیستن جۆگەلەیەکی هێندە سەرەکی بێت بۆ ڕژانە ناو ئەستێڵکی جیهانەوە ئیتر بۆچی فەرامۆش دەکرێت ؟ ئەمە ئەو پرسیارەیەکە تەنیا پرۆژەگەورەکان دەتوانن وەڵامی بدەنەوە ، خۆشبەختانە ڕۆمانی شاری مۆسیقارەسپییەکان یەکێکە لەو پرۆژە مەزنانەی مرۆڤایەتی کەکار لەو کایەیەدا دەکات . ئەوەی بیەوێت لەم ڕۆمانە تێبگات ، دەبێت گاە لەکانیاوە ئەرخایی و دێرینە ڕۆحییەکانی خۆرهەڵات قومێک ئاوی سازگار بخواتەوەوگاە لەکانیاوە فیکریەمەزنەکانی خۆرئاواش هەمان قووم بخواتەوە، چونکە ئەم کارە لەهەردوو ئەو کانیاوە پرشنگدارەوە هەڵقوڵاوە. ئەم ڕۆمانە دەخوازێت جەمسەرەکانی جیهان لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بەیەک بگەیەنێت ، ئەو دەیەوێت ئەو جیهانەلە کائۆسەوە بگوێزێتەوە بۆ ڕێکخستن و لە ناموزیکایەتییەوە ببات بەرەو موزیکایەتی.

کەواتە مەترسی لەوەدا نییە گوێچکە لەڕووی فیزیکییەوەکەڕ بێت ، بەڵکو لەوەدایە زوبستانسی خۆی کەهەستی بیستنە بدۆڕێنێت . هەڵبەت هەستی بیستن جگەلە میتافەرێک بۆ ئیدراک و تێگەیشتن چیتر نییە. ونکردنی

بەهرەی تێگەیشتن مانای کوشتنی هەر دەرفەتێک کەلێوەی گوێچکەی سێهەم بشێت چالاک بێت . بەبێ چالاککردنی ئەو گوێچکەیەی ناوەوەمان ، کەپێویستە پاش بەبەردبوونی گوێچکەی فیزیکیمان چالاکی بکەین ، دەرفەتی بیستنی جیهانمان نابێت . چونکە گوێچکەی ناوەوەمان دەتوانێت ئەو بێدەنگیەش ببیستێت کەگەمارۆی داوین ، جەلادەت لە لاپەڕەی 326 دا دەڵێت : " مردنی موزیک مردنێکی فیزیکی نییە بەڵکو ئەو کپییە لەناکاو و بێفاسیلەیەیە کەپێویستمان پێیەتی بۆ ئەوەی بزانین لێرەنییە، بۆ ئەوەی گوێ لەدەنگی گەردوون بگرین دوای بێدەنگی ئەو ... مۆسیقا دەڕوات لەوپەڕی بێدەنگییەوە پەیامێک دەهێنێت ""
جیهانی موزیکی خۆی لەبنەڕەتدا پێکهاتووەلەپەیوەندیەکی هارمۆنیکیانەی دیاردەکان ،بەمجۆرەناسینی دیاردەکان لەم پەیوەندیەهارمۆنیکیەدا داوامان لێدەکات ئێمەبەگوێچکەیەکی موزیکیەوە گوێڕادێرین لێیان ، چونکەهەموو تەنێک بریتیە لەتەنی دەنگ ، تێکڕاش گەردوون بریتیە لەفەزای زرنگانەوەی دەنگێکی هەمەگیر ،لێرەوە جیهان بەدەست مرۆڤی موزیکەوە دەبێتە ئامێرێکی موزیکی ، وەک ئیسحاقی لێوزێرین وەکو"" گورووبەک"" ی هیندی ، وەک"" نادا براهما"" کەپێیوایەجیهان بریتیە لەئاواز و بەس ، بۆ هەردوو قوتابیەکەی ، سەرهەنگ قاسم و جەلادەتی کۆتر، باس لەهەمەکێتی دەنگ دەکات : (( گەردوون هیچ نیە جگە لەمۆسیقایەکی بێدەنگ . هەموو شتێک لەگەڵ لەدایکبوونی خۆیدا ئاوازی هەڵگرتووە، هەموو زیندوویەک پارچەمۆسیقایەکی تایبەتە، هەموو مردوویەک ئاوازێکەبۆخۆی . هیچ گەڵایەک نیەمۆسیقای خۆی لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت ، دونیا سەرتاپای مۆسیقایە... ل 35)).

ڕستەی "" ئەم شارە گوێچکەی بووەبەبەرد " پنتی چڕبوونەوەی بیری فەلسەفی و ئیستاتیکی ڕۆمانەکەیە، ڕستەیەکەبەزرنگانەوەیەکی تەنزئامێزانەو ئیرۆنیەوە ڕەخنە لە شێوازی نوێی ژیان لەناو کۆمەڵگای شاریانەی دونیای ئێمە دەگرێت ، شارێک کەگوێبیستی موزیکی دزێوی بێیەهرەکانە، گوێچکەیەک جگە لە گەڕەلاوژەی ئاپۆرەو مۆبیلەکردنی

حیزبی چ دەنگێکی تر نابیستێت . لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە لە2003/4/9 وەئیدی شار قۆناغێکی تەواو جیاواز دەگوزەرێنێت ، لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژیەوە مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە دەبێت بەجۆرێکی تر پێناس بکرێتەوە ، چونکە کۆمەڵێک دیاردەی نوێی ئەو تۆی بەخۆیەوە بینیوەکە لەڕووی پسایکۆلۆگی و مۆرالییەوە تەواوی ئارەزووەکانی ئەوی گۆڕیوە.
شار لەپاڵ ئەو گۆڕانە مادیە قەبەیەی بەسەریدا هاتووە تووشی وەرچەخانێکی کولتوری گەورەش بووە... شار هاوڕێ بە گۆڕانی ئەرشیتێکتوری و نەخشەیی ، هاوڕێ بەقەبەبوونی فۆرم و قاوغەکەی تووشی شێواندنێکی ڕۆحیش بووە، شار هیرارشیەتی ڕۆحی لێ تێکەڵوپێکەڵ بووە. وەک دەبینین نەریتی لادێ تێکەڵ بەهی شار بووەو هی شاریش لەشارستانی ناچێت . دەبینین مرۆڤی گوندی هەمان ئەو خولیاییانەی بۆ دروست بووەکەمرۆڤی شاری هەیەتی ، هەموو خولیای تێرکردنی غەریزەی چنۆکی و دەوڵەمەندبوون و زۆر هەبوونین.
لەبەرئەوەی گوێچکەی شار بێپەروا گوێ لەدەنگی دەستەڵاتی سیاسی و مادی دەگرێت ، گوێچکەیەک بەربادانە بووە بە کۆیلەی دەنگی زۆرهەبوونی بەبێ ئەوەی چ خولیاییەکی بۆ هونەر تیا بێت... ئەم ڕۆمانە وامان لێدەکات لەبەردەمی ئەم دیاردەیەدا ڕابوەستین و بەگوێچکەیەکی ترەوە گوێبیستی ئەو دەنگانەبین کەهێشتا لەوەوبەر نەمانبیستووە، پێمان دەڵێت گوێچکە دەبێت گوێ هەڵخات بۆ موزیکایەتی بوون . لەم ڕۆمانەدا بەختیار ئەوەدەگێڕێتەوەکەچۆن ڕێگا هەڵەکانی مێژووی کوردی ئەو ڕیگایانەن کەدەچنەوە سەر ناموزیکایەتی. لەڕۆمانەکەدا """ محەمەدی فیردەوسی""" ئەو فیگورەیە سەرباری ئەوەی لەبنەماڵەیەکی ساماندار و پارەدارەکەچی ئەو پتر خولیایی بۆ هونەر هەیە، وەک لەلاپەرەکانی 364 بەدواوە کارەکتەری دەناسین.. بەرادەیەک جەلادەتی کۆتر لە ل 366 دا پێی سەیرەکەوا (( خەڵکانێک پارەی زۆریان هەبێت و کاتی خۆیان بەهونەر و ئەو جۆرەشتانەوەسەرف بکەن .)) . کەواتەسیفەتێک کەدەوڵەمەندی کوردی پێویستە هەیبێت بریتییە لە هونەردۆستی ، بەبێ ئەم سیفەتەهەموو سەرمەستبوونێکی دەوڵەمەندەکان بەگەشەکردنی مادیانە دەبێتە مایەی

خرۆشانی جۆرەهەستێکی وەحشیانە کە دواجار زیانی ڕۆحی لەخۆیان و تەواوی ڕۆحی شار دەدات .
(( لەو وتارەماندا کەلەسەرەوەئاماژەمان پێداوە ، باسی ئەم خاڵەمان لەناو کولتوری نوێی شاردا کردووە.)).

**موزیکایەتی و پزیشکایەتی ...**

**لەوانەیەڕۆژێک بێت ئەوەئاشکرا بێت کە ئەوەی تائێستا هەبووەهونەر نەبووە، بەڵکو پزیشکایەتی بووە. هێنری میشۆ )).**

موزیک هەر بەتەنیا وروژێنەری هەستەکان نییە بەڵکو چارەسەرسازێکی ئەو زامانەشە کە بەر جەستەو ڕۆحی مرۆڤ دەکەون . موزیک نایەوێت هەر دادڕانە ڕۆحییەکانی مرۆڤ پیشان بدات ، بەڵکو لەگەڵ پشکنین و دەستنیشانکردنی حاڵەتەکەشدا تیراپییەکی موعجیزەئامێزانەمان دەداتێ . وەک ئیسحاق دەگێڕێتەوە: """ جارێک فلووتم بۆهەندێ پێشمەرگەلێدا ، یەکێکیان لێم نزیکبووەوەو گووتی ، تۆ واتکرد من ژیانم خۆشبوێت .. ژیانی خۆم نا ، ژیانی ئەوانی تر ، ژیانی دوژمنەکانم """ . ڕۆشت و لەوسەر گەڕایەوەو گووتی """ ئیسحاقی لێوزێڕین مژدەم بەرێ ، مژدە.. کەسم نەکوشت"""". ئەمەلەهەرەکاراترین ئەو چارەسەرانەیەکەهەر بیمارێک پێویستێتی . ئەوەی موزیک دەیکات لەگۆڕینی کەسێکی جەنگاوەر بۆ کەسێکی ژیاندۆست ، ئاماژەیە لەسەر پەیامی هیومانیزمانەی موزیک . لەهەندێ دیمەنی تردا دەبینین موزیک موعجیزەی گەلێک سوریالیانەمان پیشان دەدات ، وەک لەلاپەڕەی 40 دا هاتووەکەچۆن لەهەتاو بارانیان دەباراند و لەباران خۆریان دروست دەکرد.. وەتا دەگاتەئەوەی بریندارێک خوێنی لەبەر دەڕۆی ، ئەمان بەئەفسوونی موزیک خوێنەکەڕادەگرن. ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لەو ئەفسوون و جادووە بپرسین کەموزیک هەیەتی لەشوێنێکدا کە موزیکایەتی ڕۆڵی پزیشکایەتی دەبینێت.
دیارە پزیشکایەتیش بۆخۆی جۆرێکە لە جادووگەری ، چونکە کاتێک ئازارێک لەجەستەماندا دەبێت پزیشک دەتوانێت تەنیا وەک جادووگەرێک و بەکردەوەیەکی جادوگەرییانە لەڕێی ئەفسوونی دەرمانێکەوە ئازارەکە ڕاگرێت یان بنبڕی بکات. لێرەوەهونەری موزیک دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لەپزیشکایەتی ، چونکە ئەو چارەسەری بیمارەکان لەڕێی جۆرە

دەرمانێکی ڕۆحی کاراوە دەکات کەپزیشکایەتی لێی تێناگات . ئەم جۆرە پزیشکایەتییە زلۆتەردایک پێی دەڵێت "" پزیشکایەتییەکی میتافیزیکی"" کاتێک دەڵێت : (( ڕێچکەگەورەکانی هارمۆنی بریتین لەپزیشکایەتیەکی میتافیزیکی ، بریتین لەچارەسەرسازێکی بوژێنەرەوە- ئۆیفۆری – و شادیهێن کەبەرگری لەپێشینەییانەی خۆشبەختی بەسەر بێ بەختی و هارمۆنی بەسەر ناهارمۆنی و بەختەوەری بەسەر کوێرەوەریدا دەکات .)).

پزیشکایەتی هونەری موزیک لەم ڕۆمانەدا لەو خاڵەدا دەردەکەوێت کەخۆشبەختی وژیاندۆستی لەناو بێئاگاکان و مردووەکاندا زیندوو دەکاتەوە، ئەمەجۆرێکە لەمەستییەکی زیندووکەرەوە، چونکە، موزیک بەرلەوەی بۆ زیندووەکان بێت بۆ مردووەکانە، وەک ئیسحاق دوو قوتابییەکەی وەها پەند دادەدات. کاتێک لەل 38 دا دەڵێت :" ئەگەر تەنیا بۆ زیندووەکان مۆسیقا دەژەنیت فلووتەکەت فڕێ دەو بگەڕێوە ماڵێ.".

بەپێی ڕاڤەی ئێمە کاتێک ئەم ڕۆمانە دەخوازێت موزیک بهێنێتە دنیاوە لەبەرئەوەیە کە موزیک بەشدارێکی هەرەسەرەکی گەشەکردنی کولتورەو دەشێت لەپاش پشکنین و دیاگنۆزەکردنی کەینونەی هەر واقیعێک کە ڕۆحێکی بیماری هەبێت ، ببێتە تیراپییەکی( چارەسەرسازێکی ) ڕۆحی و ئۆیفۆری( مەستییەکی بوژێنەرەوە) و شادیهێن ، لەشێوەی پزیشکایەتیدا. ئیسحاق لەجێیەکدا دەیگووت موزیک تلیاکە، واتە ئەو کەرەسە مەستیهێنەرەیە کە ڕۆحمان سڕناکات بەڵکو ڕۆح بەئاوازێکی شیرین دەبووژێنێتەوە و سەرمەستی بەختەوەریەک و ئازادییەکی کەینونیانەی دەکات.

ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان پشکنین و دەستنیشانی نەخۆشییە پێوەلکاوەکانی جەستەو ڕۆحی ئەو کولتورە دەکات ، نەخۆشییەکانی وەک بێ بەختی ، بێئاگایی ، کوێرەوەری و بیرنەکردنەوە و زاڵبوونی ژیانێکی ئاسایی لەپێناوی تەنیا بەزیندوویی مانەوەدا بەسەر هونەری ژیاندا ، دەستنیشان دەکات بۆمان و لەپاڵیدا چارەسەرێکی ئیستاتیکی ئەوتۆمان دەخاتەبەردەست کەسەرباری ئەو هەموو دەردەی هەمانە ئێمەهێشتا سەرمەست بین بەژیان .کەواتە کولتورێک هێندە بیمار بێت گرنگترین

شتێک پێویستی پێی بێت پزیشکەکانێتی .ئەوەشی بەرجەستەی ئەم فیگورەدەکات نیتشەوتەنی (( پزیشکەکانی کولتورە)) کەئەمان دەتوانن ئەو جیهانە بەرەو ڕێچکەی بەختەوەری و موزیکایەتی ئاراستەبکەن . ئەم ڕۆمانەش هەڵگری جۆرێک لەو (( پزیشکایەتییە میتافیزیکییە))یە کە پەندی ئەوەمان دادەدات فێربین لەوەی ، بەرگریکردن لەژیانی بیۆلۆگی بەبێ بەرگریکردن لەهونەری ژیان نەشیاوە. بەڕێکەوت نیە لەڕۆمانەکەدا ئەو فیگورەی کەبووەتە کۆگا و پارێزەری ڕۆحی ئەو جیهانەو مۆزەخانەی کارەهونەرییە جوانەکان و زیندووکەرەوەی جەلادەت و ڕۆحی مۆسیقی جەلادەت دکتۆر موسای بابەکی پزیشکە. دکتۆربابەک تەنیا دەرچووی کۆلیجێکی پزیشکی نییە لە ڕۆمانەکەدا کەنەخۆش و زامدارەکان تیمار بکات ، بەڵکو ئەو ئەزموونگەرێکی بەردەوامی ژیان و، بەرەنگارێکی ڕۆحی و ئیستاتیکیانەی ژیانیشە. ئەو لەگەڵ ئیسحاق و جەلادەتدا هەڵگری ئەو پزیشکایەتییە میتافیزیکیەن کەبەرگری لە "صیرورە" و درێژخایاندنی ژیانی کولتورەکان دەکەن . ئەمان بریتین لەکۆئەندامی بەرگری ((بەزمانی پزیشکی سیستەمی ئیمون)) ی هەر کولتورێک . لەهەر کولتورێکیشدا ئەم سیستەمە لاوازبوو ئەوا لەڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە تووشی گیانەلا دەبێت و دەکەوێتە ئاویلکەو سەرەمەرگەوە.

دیاریکردنی فراوانی پاشخانی فەلسەفی – ئیستاتیکیانەی بەختیار عەلی لەهەڵبژاردنی ئەم فیگورە پزیشکیەدا بۆ درێژخایاندنی ژیان و پاراستنی هونەری ژیان خۆی دەسەلمێنێت بۆمان. بەدیدی ئێمەهەبوونی ئەم بیچمە پزیشکییە لەڕۆمانەکەدا ، ئەگەر نەڵێین لەڕۆڵی ئیسحاق و جەلادەت و شەرەفیاریش گرنگترە بۆژیان ، ئەوا بەئیلەمێنتێکی هەرەسەرەکی و تەواوکەری بەرگریکردن لەژیان دادەنرێت. ئەو نەک هەر بیۆلۆگی ژیان دەپارێزێت ، بەڵکو زیندوویێتی و هونەری ژیانیش چالاک دەکات. ئەگەر ژیان زیندەوەرێک بێت و لەگۆڕانبوون دا درێژە بەخۆی بدات ئەوا ڕۆڵی ئەو بەرگریکردنە لەم گۆڕانبوونە. ئەو وا دەکات برینە جەستەییەکانی جەلادەت سارێژبنەوەو ڕۆحی جەلادەتیشی خستەسەر ڕێچکەی تێگەیشتن لەهونەر و موزیک وەک ڕێگایەک بەرەو تەندروستبوونی هەر

زیندەوەرێک کاتێک دەکەوێتەناو دەردیسەری و تراژیدیاکانی ژیانەوە. واتەدکتۆر موسای بابەک جەستەو ڕۆحی جەلادەتی لەتفی دزێویەکان پاککردەوە.
دکتۆر بابەک بەگەلەرییە جوانەکەی وادەکات هەموو زیندەوەرێک ببێتە جۆرێکی تایبەت لەکاری هونەری ، تەواو وەک ئەوەی فۆکۆ دەیگووت ، بۆ دەبێت کارێکی هونەری ببێتە توحفە بەڵام ژیانی تاک نەبێت. ڕۆڵی ئەو پشکنین و دیاگنۆزەکردن و چارەسەرکردنی ژیانی فیزیکی و ژیانی هونەری و کولتوریە.
ژیانێکی تەندروست ئەوەنییە بەشێوەیەکی ئاسایی درێژبێتەوەو بەردەوامی بەخۆی بدات ، بەڵکوئەوەیە پچران و پسان و ناموزیکایەتی وابکات هونەرلەدایک بێت لەپێناوی درێژەخایاندنی ژیان. خودی هونەر بریتییەلە لەدایکبوون لەسەردەمی ناهونەریدا ، موزیک بریتیە لەخستنە دەنگی بێدەنگی جیهان ، هونەر بریتییە لەوەی ڕۆح بکەیتەبەری ئەو شتانەی بێ ڕۆحن ، ئەزموونکردنیش بریتییە لەتاقیکردنەوەی شتێک کەهێشتا لەئارادا نییە، ئەدەبیش بریتییە لەزێدەڕویکردن بەواقیعەوە ، بەبێ ئەم زێدەڕەویکردنە ناشێت ئەدەب لەئەندازەو سنوور و مەرزی واقیع تێبگات، ئەدەب بریتییە لەهێنانی دنیایەکی ناواقیعی لەئایندەوە بەفانتازیا بۆ ناو دنیایەکی ناجوان کەهەنووکەلە واقیع و لەئارادایە. لێرەوەیەهونەر و ئەدەب و فیکری تەندروست ئەوەنییە باسی لەباری و تەندروستی واقیع بکات وەک ئەوەی هەیە، واتەئەوەنییە کە ئاوێنەی واقیع بێت ، بەڵکو ئەوەیەپشکنین و دەستنیشانی واقیعێکی بیمار بکات کەبیماریەکەی کەوتۆتەناو لۆچەکانی واقیعەوە. کەکولتورێکیش یاخود کەسێکیش دەستنیشانی بیماری خۆی کرد مانای وایەئەو خۆی دەناسێت .وەک چۆن جیل دۆلۆز نموونەی فریدریک نیتشە مان بۆ دەسەلمێنێت کەناکرێت وەک نەخۆشێک تەماشای بکەین ، هەروەها سلۆتەردایک هەمان دۆخی لای نیتشەو لای ولیەم جەیمس دەستنیشانکردووە، چونکە ئەوان هەم خۆیان ناسیوەو هەم جیهانیشیان ناسیوە. ، واتە ئەوان پزیشکی خۆیان و پزیشکی جیهانیش بوون.
بەم پێودانگە ڕۆمانی " شاری مۆسیقارەسپییەکان" لەو کارەئەدەبییەدەچێت

کەهەڵگری جۆرێکی بەتوانای پەیامی پزیشکایەتیە بۆ کولتوری شارێک کەگوێچکەی بووەبەبەرد . ئەو ڕێچکەی چارەسەرەشی کەدەیخاتە بەردەست بریتییە لەوەی فێری دووبارەبیستنەوەی دەنگ و بێدەنگی جیهانی بکات ، بریتییەلەوەی گوێچکەی ناوەوەی چالاک بکات بۆ بیستنی ئەو دەنگانەی کەگوێچکەی دەرەکی پێی نابیسترێت. ئەو ڕۆمانەکۆششێکی شیعری – فەلسەفیە بۆ بەخشینەوەی ئۆنتۆلۆگیا بەبیستن و بەگوێچکە وەک میدیۆمی سەرەکی تێگەیشتن و وەک کەناڵی سەرەکی چوونەناو جیهان . ئەم ڕۆمانە ئۆدیسەیەکی کوردیە کە بەناو چینەکانی بنەوەو پەلوپۆ هەڵکشاوەکانی دەرەوەی ئەو مێژووەدا ڕۆچووەو هەڵچووە. گەشتێکی کۆپەرنیکۆسیانەیە لەپێناوی دۆزینەوەی هەرێمەئاشکرانەبووەکانی ئەو دەڤەرەدا ، کەموزیک ،وە ڕۆح وە جوانی بریتین لەو شوێنە ونانەی ناو کولتوری ئێمە.
دۆزینەوە دەستکەوتێکە ئێمە دوای گەڕانێکی زۆر و درێژخایەن دەیبەینەوە. لێرەدایە لەچاوی مندا دۆزینەوە لەداهێنان گرنگتر دەبێت ، چونکە دۆزینەوە بریتیە لەگەڕان و دەرچوون لەماڵەوە بۆ هێنانی "شتێک" لەشوێنەونەکانەوە ، لەو هەرێمانەی هێشتا لەسەر چ ئەتڵەسێک نەخشە نەکێشراون . بەڵام داهێنان هێنانی "بیرۆکەکانە" لەڕێی ڕامانکردنەوە. وەک لەلاپەڕەی 598 دا دەڵێت : " موزیک سەفەرەبۆ سەرزەمینێکی تر.". لێرەدا کتومت مانای نۆمادیانەی ژیان بەرجەستە دەکات ، مانایەک ئەوەدەگەیەنێت کەوا بەبێ سەرکێشییەک بۆ کۆچبردن بەرەو سەرزەمینەکانی تر ، بەبێ سەرچڵی کردن لەتەیکردنی دنیادا ، گوێگرتن لەجیهان وەک فینۆمینەیەکی موزیکی نەشیاوە.
نادا براهما دەڵێت : " جیهان بریتییە لە دەنگ " . سلۆتەردایک لەڕاڤەکردنی ئەم ڕستەیەدا کەبەشێکی لەکتێبی " پڕچەککردنی کۆپەرنیکانی و چەکداماڵینی پەتلیمۆسی " بۆ تەرخانکردووە، دەڵێت : " جیهان بریتی نییە لەدەنگ بەڵکو فەزایەکە بۆ توانستەکانی ، هەروەها سەمفۆنییەکیش نییە، بەڵکو کابوسێکی پڕ جەنجاڵییە کە هۆکار و بیانوی ئەوەی لایە بیر لەوەبکاتەوەکەوا تاوەکو جەنجاڵییەکەزۆرتر بێت ئەوا بینینی ڕێکخستنی ئاوازەکان دەشێت زۆرتر بێت." واتەئەرکی هونەر لەوێدا نییەکە موزیک

لەئارادایە و ماوەتەوە سەر ئێمە کە تەنیا مەشقی بکەین ، بەڵکو لەو دێوەزمە جەنجاڵەدا مادامەکی جیهان بریتییە لەدەنگ ئەوا ئەرکی هونەر لەوێدایە کە بێدەنگی بدۆزێتەوە، گەر موزیکیش هەبوو ئەوا دەبێت دیمەنی نامۆزیکی جیهان بدۆزێتەوە و وەک شیعرێک پێشکەشمانی بکات . لەچاوی مندا ئەم ڕۆمانە ئەو گەشتە کۆپەرنیکۆسیەیە کە بە ڕازێکی شیعری فەلسەفییەوە دەگەڕێت بەناو حەشارگە پەنهانەکانی کولتوری کوردی و گەنجینەیەکی دۆزیوەتەوەکە مرواری و خشڵەکانی ناوەوەی بریتین لەم جۆرە ڕستانە: " گوێچکەی ئەم شارەبووەبەرد " ، " شارێک کە گۆڕستانی مۆسیقایەگۆڕستانی مرۆڤیشە" . و چەندین ڕستەو بڕگەی تریش ، بەڵکو خودی تێکڕای ڕۆمانەکە پێمان دەڵێت کەچیدی مرۆگەلی ئەو هەرێمە لەناو کایەیەکدا ناژین کە ئەتمۆسفێرێکی موزیکی دۆخ و کەشی کایە ڕۆحییەکانی ئەوێی سازکردبێت و کۆمەڵگاش لەو جەنجاڵییەدا گوێبیستی دەنگی جیهان بێت . دیارە بەبێ گوێ هەڵخستن لەجیهان و بەبێ توانای بینین و بیستنی ئەویتر ناشێت خود دەرک بەخۆی بکات و خۆی ببیستێت . پاول سیلانی شاعیر دەڵێت : " من تۆم ئەگەر من من بم ". چونکە لەمێژە فیکر ئەوەی بۆ سەلماندووین کە بیۆگرافیای ئەویتر دێرینترە لەبیۆگرافیای من ، نیتشە گوتەنی :" تۆ" کۆنترە لە"من". دیارە کەناڵێکی سەرەکی گوێ لەخۆگرتن بریتییە لەموزیکایەتی، لەڕێی موزیکەوەئێمە چۆن دەچینە ناو جیهان ئاواش دەگەڕێینەوە ناو جیهانە فەرامۆشکراوەکەی خۆمان . ئێمەهێندەی لەناو موزیکدا " هۆگری جیهان" دەبین لەناو چ میدیۆمێکی تردا ، تەنانەت لەتلیاکیشدا هێندەهۆگری جیهان نابین. پیتەر سلۆتەردایک لەکتێبی " نامۆییجیهان" دا بەشێکی تەرخان کردووەبۆ شیکردنەوەی گووتەزای " لەناو – جیهان- دا بوون" بەموزیک لەڕێی ئەم ڕستە گرنگەوە:" ئێمەلەکوێداین کاتێک موزیک دەبیستین" ، کەپێشکەشی موزیکدانەری ناودار " ڤۆلڤگانگ ریهم " ی هاوڕێی کردووە. ئەو وەها وەڵام دەداتەوە:" ئێمە ئەوکاتە لەناو هەرێمی پشتەوەی بوونەوەرێکی لەجیهان دوورکەوتووەوە داین .". دیارەمەبەستێتی بڵێت کەوا ئێمەلای بوونەوەرێکین لەودیوی جیهاندا خۆی دەبینێتەوە، روونتر بڵێین ، ئێمەلەگەڵ خودی

خۆماندایین ، ئێمە کە موزیک دەبیستین لەگەڵ خۆماندایین و بەس. چونکەهەرێمی موزیک چ سنورێک شک نابات ، ئەو هەرێمێکی کراوەیە، لەهەرشوێنێکدا بیت وەک چەق وایە بۆت ، لەبەر ئەوە چ سنورێکی نییە واتە هیچ کات ناکەوێتە قەراغەوە. لێرەوە بیستەری موزیک هەمیشە دەکەوێتە( ناو )کایەکەوە نەک (دەرەوە) و قەراغی کایەکەوە. ئێمە کە گوێبیستی موزیک دەبین دەکەوینە ناو کایەیەکەوە کە چ سنورێکی لەچواردەوردا بۆ نەکێشراوە، چونکە ئەم کایەیە تێکڕای جیهان و گەردوون دەگرێتەخۆی. لێرەوەیە هونەری بیستن تەنیا وەک تیۆری لەناو –دەنگدا- بوون ، کەفۆرمێکە بۆ لەناو – جیهان- دا بوون ، بۆ شیکردنەوەی (( هەناوگەری)) شیاو دەبێت . لەناو هۆشمەندی مرۆڤدا وەک شتێکی هەستیار بەجیهان ، ئەم هۆشمەندییە ئەم ڕۆمانە لەشێوەی موزیکێکی بێکۆتا پێمان دەبەخشێت . چونکە بەخوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە ئێمە دەچینەناو هەرێمە پەنهانەکانی ئەو بوونەوەرەی کەبەگوێیەکی موزیکییەوەگوێبیستی جیهانە. گوێچکەیەک کە لە ناموزیکی ئەو هەرێمەوە لەدایک دەبێت ، پاش ئەوەی دەبیستێت گوێچکەی ئاسایی ئەو شارەبووەبەرد ، ئەو دەخوازێت لەو " وڵاتەدا بمێنێتەوەبۆ ئەوەی ببیستێت " . " مانەوە" لێرەدا بریتی نییەلەخۆ نیشتەجێکردنێکی خامۆشانە لەو شارەدا بەڵکو بریتییە لەمانەوەبۆ بەجێهێشتنی گوێچکەی ئاسایی لەپێناوی بیستنی بێدەنگی ئەو هەرێمەبە( گوێچکەی سێهەم). بەبێ ئەم بەجێهێشتنە مەحاڵەدەرفەتی لەدایکبوونی گوێچکەی ڕۆحی بێتەئاراوە. چونکەئەوانەی دەمێننەوەئەوانەن کەتوانای بەجێهێشتنیان نییە بۆ چوونەناو هەرێمەکانی پشتەوەکە لەوێدا بێدەنگی موزیک دەشێت ببیسترێت.

سروشتی گوێچکە ئەوەیە هەست بکەیت لەناو کایەی " لەناو – دەنگ –دا بوون" دا بیت ، چونکە چ بیستەرێک ناتوانێت لەسەر قەراغی بیستنەوە گوێ هەڵبخات. لەبەرئەوەی گوێچکە وا لە جیهان دەکات ببێتە لەناو – دەنگدا بوون. ئەوشوێنەشی ئێمەلەبیستنی موزیکدا پێی ئاشنا دەبین بریتییە لە" خود" . یان لەناو- خود – دا بوون. ئەم ڕۆچوونەش هەڵگری چ سیمایەکی میستیکی نییە بەڵکو ڕۆچوونێکە بۆئەوەی بیستەر

لەناوجیهانبوونی خود لەقەراغەوە بگەیەنێتە چەق و ناوەندی جیهان. چونکەئەو جێگایەی ئێمەی تێدا هەین بریتییە لەکایەیەکی ئۆنتۆلۆگی کەلەڕێی ڕۆچوونە ناوەوەی زووبیەکت بۆ خودی خۆی شێوەگیر دەبێت. کەدواجاریش لەناو – خود – دا بوون دەبێتە ئەو کایەیەی کەتیایدا خود چەقی خۆی لەگەڵ جیهاندا هاوتا دەکاتەوەو پەیوەندییەکی ڕۆحیش لەگەڵ خۆیدا چێ دەکات ، چونکەڕۆح چییە " گەر هەمیشە پەیوەست نەبێت بەخودی بیستنەوە." وەک سلۆتەردایک لەکتێبی نامۆییجیهان دا دەڵێت. لێرەوەبەشێوەیەکی ڕاگوزەرانە خۆمان دەبەستینەوە بە پەیوەندی موزیک و میستیکەوە.

## موزیک و میستیک..

ئەگەر (چاو) وەک ئۆرگانی هەستی بینین بریتی بێت لەو میدیۆمەی تەماشای جیهانی دەرەوەی بکات ، واتەهێزی بینینمان ببەخشێت بەدەرەوە، خۆی بەرجەستەی جیهانی دەرەوەبکات ، ئەوا ( گوێچکە) وەک ئۆرگانی هەستی بیستن ئەو میدیۆمەیە کەدەنگی جیهان دەهێنێتەناو بیستگەمانەوە، و بەرجەستەی ناوەوەدەکات. چاو هەموو جیهان دەبینێت بەڵام ناتوانێت خۆی ببینێت ، بەپێچەوانەوە گوێچکە هەموو دەنگەکان دەهێنێتەناوەوەو چ شتێک ناباتەدەرەوە، چاو میدیۆمێکی بەخشەرە لەکاتێکدا گوێچکە تەنیا وەردەگرێت و هیچ نابەخشێت. لەم نێوەندەدا موزیک دەبێتە زوبستانسێک کە بەهەردوو میدیۆمەکەدا گوزەر دەکات و هەردووکیشیان پێکەوەکۆ دەکاتەوە، واتە کاتێک ئێمە گوێبیستی موزیکین هەستیش دەکەین ئێمە سەمایەک دەبینین ، ئەم دیمەنە کتومت لەوەیە کە نیتشە دەڵێت ؛ " بەچاو ببیستە" . موزیک توانیویەتی یەکەیەکی یەکگرتوو لەنێوان هەستەکانماندا بۆ کۆکردنەوەی ( ناوەوە) لەگەڵ ( دەرەوە) دا ببینێتەوە. پێناسی بەختیار بۆ موزیک لەم ڕۆمانەدا تەواو لەگەڵ ئەم تیۆریەدا تەبا دەکەوێتەوە. ئەو لەچەندین شوێندا ئاماژە دەدات کەموزیک سەفەرەلەنێوان دەرەوەو ناوەوەدا ، لەنێوان ژیان و مەرگدا ، لەنێوان دەنگ و بێدەنگیدا... وەهەروەها. خودی مرۆگەلیش بریتین لەو بوونەوەرانەی لەناو ڕیتمەکانی دەرکەوتنی جیهان و ئاوابوونی جیهاندا پەیدا دەبن ، مرۆگەل دێنە ئاراوەو بزر دەبن ، هەن و نین. مرۆڤ

بوونەوەرێکە هەردەم لەناو ڕیتمێکی جۆلانەیی دایە، دێت و دەچێت ، نیشتەجێ دەبێت و کۆچ دەکات ، شوێن دەدۆزێتەوەو شوێن دەسڕێتەوە.
لەم ڕەوتە جۆلانێییەدا موزیک بریتییە لەو کایە دەنگەوەرییەی کەتیایدا ( ئیزۆتریک – هەناوگەرایی ) و( ئێکزۆتریک – دەرگەرایی) لەپنتێکدا بەیەک دەگەیەنێت و هەردوو جەمسەری تەوەرەکە بەرجەستەدەکات. جارێک لەئاسمانەوە داماندەبەزێنێتە سەر زەمین وەک لەگۆرانییەکانی ( خالقی) دا ئەمەڕوودەدات و جارێکیش لەسەرزەمینەوە دەمانفڕێنێت بۆ ئاسمان ، وەک لەمەقامە ئیزۆتریکیەکانی (عەلی مەردان) دا ئەمەڕوودەدات. هەردوو ئەم پرۆسەیەخەسڵەتی موزیک دیاری دەکەن و چ موزیکێک نییە لەناو یەکێک لەم دوو ڕەوتەدا ڕوونەدات. واتەموزیک لەنێوان ئەم دوالیزمەدا خۆی دەبینێتەوەکە یەکێکیان بەجێهێشتنی نیشتمانەو ئەویتریان گەڕانەوەیە بۆی ، یەکێکیان بەکۆچکردنێکی ستوونی بەرەو ئاسمان ڕوودەدات و ئەویتریان لەناوکشانێکی ئاسۆیی نێرڤانایيدا لەسەر زەوی خۆی ڕەها دەکات. موزیک گەڵاڵەکردنی کۆی سروشت ، جیهان ، شوێن ، کات و مرۆڤ و خودایە. موزیک تەنیا ڕۆچوونەهەناو نییە، بەڵکو توانستێکیشە بۆ دەرچوون و بۆ فڕین. لەلاپەڕەی 527 ی ڕۆمانەکەدا واهاتووە: (( ئەوەی بتوانێت گوێ لەمۆسیقا بگرێت ، دەتوانێت گوێ لەپێغەمبەرەکان نەگرێت ، چونکەئەوەی خودا دەیەوێت بەمرۆڤی بڵێت لەناو مۆسیقاشدا هەیە.)). لەڕێی ئەم ئەفۆریزمە گنۆستیکیەوە دەشێت ئێمە پەی بەجەوهەری پێناسەی ئەو موزیکۆلۆگیە بکەین کەلەم ڕۆمانەوەلەدایک دەبێت.
لەم ئەفۆریزمەوە من سەرنجەکانم لەدووخاڵدا دەردەبڕم ، یەکەمیان : پێغەمبەر وەک میدیۆمێک لەگەیاندنی پەیامی خودایەتی و پێغەمبەرانەدا شکستی هێناوەلەڕامکردنی ڕۆحیانەی مرۆڤ بەئاراستەی چاندنی هەستی جوانی ژیان و میهری خوداوەندی تیایدا. ئەمڕۆ دەبینین هەموو شەڕەخوێناویەکان بەناوی پێغەمبەران و خوداکانەوە دەکرێن ، بەتایبەت لەئایینەمۆنۆتایستەکاندا (( کریستیان ، جوولەکایەتی وە ئیسلام )) . جۆرج بوش بەر لەهەر هێرشکردنێک سەرەتا لەکڵێسەدا نوێژێک دادەدات و خۆی

بەسرووتەدینیەکان مۆبیلەدەکات و، لەخودا دەپاڕێتەوە ئەمەریکا سەرکەوتوو بکات ، ئیسلامیەکانیش لەهەموو پەلامارەکانیاندا ، خۆکوژی بێت یان سەربڕێن ، پشت بەخوا و (( اللهاکبر)) تاکەوشەیە کە دەری دەبڕن. ئەمڕۆ پەیامی ئاینی لەهەندێک ئیدیۆلۆگی ڕەگەزپەرستی ترسناکترو تۆتالیتێرترە و مەرگهێنترە لەسەر مرۆڤ.
دووەمیان : جەوهەر و سوبستانسی هەموو ئایینەکان بریتییە لەوەی هانی مرۆڤ بدات کار بکات بۆ دوارۆژ ، لەپێناوی ئەمەشدا ئەوەی لەسەرە دەستبەرداری ئەمدنیا بێت تاوەکو ئەودنیا بباتەوە. بەم پێیەمرۆڤی ئایینی لە مانا هەبوونگەراییەکەیدا بوونەوەرێکی (بێجیهان)ە. لەکاتێکدا هونەری موزیک ئەم پەیامە بەجۆرێکی تر پێشکەش بەمرۆڤ دەکات . موزیک مرۆڤ دەباتە ناو – جیهانەوە، ئەو وا لەمرۆڤ دەکات ببێتەبوونەوەرێکی ( جیهاندار). مرۆڤ گوێچکەی هەیەو دەبیستێت ، دەبیستێت و تێدەگات . گوێچکەی ئایینیش جیهان وەک قەرزێک تەماشا دەکات و دەبێت ڕۆژێک بیداتەوە بەخاوەنەکەی. لەکاتێکدا گوێچکەی موزیکی پێیوایە ئێمەبێ هیچ بەرامبەرێک فڕێ دراوینەتە جیهانەوە، و دەبێت جیهانیش وەکو دەنگێکی هەمەکی بێ ڕیشەو بێ ئاییندە ببیستین ، وەک جەلادەتی کۆتر لەلاپەڕەی 324 دا دەڵێت :"" وەک مۆسیقا کەهیچ کەس نازانێت لەکوێوەدێت و بۆ کوێ دەڕوات."". بەڵام دەشێت موزیک ببێتە کایەی کۆکردنەوەی هەردوو خاڵەکە، ببێتە مایەی بەستنەوەی هەردوو ڕەوتەکە، ڕەوتی بەجێهێشتنی جیهان بەرەو نەبوون ، وە ڕەوتی گەڕانەوە بۆ ناو جیهان ، واتەڕۆشتن لەبێجیهانییەوە بۆ- ناو جیهان. ئەمەش لەناو ئیرادەی مرۆڤدا خۆی مانیفێست دەکات. سلۆتەردایک لەلاپەڕەی 301 ی نامۆییجیهاندا دەڵێت : "" موزیکی هاتنەناو جیهان بریتییە لەخواستی دەستەڵات وەکو دەنگ کەخۆی لەسەر هێڵی شتێکی بەردەوام کەلەناوەوەدێت بەرپا دەکات ، لەکاتێکدا موزیکی گەڕانەوەکۆششی ئەوەیەتی لەدوای شکاندنی بەردەوامییەکەبگەڕێتەوەناو دۆخی هەڵپەسێردراوانەی بیستەوەرییەوە کەتیایدا ژیانی زامداربوو خۆی وەکو نائیرادەبۆ دەستەڵات گرد دەکاتەوەو خۆیشی چارەسەر دەکات."".
لێرەوەدەبینین موزیک وەک هەر سوبستانسێکی تر خەسڵەتێکی دوالیزمی

هەیە، جارێک لەجیهانەوەدەچێت بۆ نا- جیهان ، جارێکیش لەنا- جیهانەوە دێتەوە ناو جیهانەوە. جارێک لەهەناوەوەدەردەچێت بۆ دەرەوە(ئێکزۆتریکە) و جارێکیش لەدەرەوە دەگەڕێتەوەبۆ ناو هەناو ( ئیزۆتریکە).
جەلادەتی کۆتر لەدرێژەی هەمان بڕگەی سەرەوەدا دەڵێت : """ موزیک لەکوێیەو ئێمەلەکوێین""". کەئەم ڕستەیەلەناوکۆی وتووێژی نێوان جەلادەت وعەلی شەرەفیاردا هاتووە.
من لێرەدا ئەو ڕستەیەهاوتا دەکەمەوە لەگەڵ ڕستەیەکی سلۆتەردایک دا کەدەڵێت : " ئێمەلەکوێین کاتێک موزیک دەبیستین ." دیارەوەک لەسەرەوەئاشکرامان کرد دیاریکردنی شوێنەکەهەمیشەبەنادیار دەمێنێتەوە ، بەمانای مرۆڤ لەکاتی بیستنی موزیکدا ناتوانێت بەتەواوی جەمسەرێکی جیهان بگرێت ، جگەلەمەش موزیک خۆی بریتییەلەچوونەناو جیهانێکەوەکەپێشتر نەچوویتەتەناوی . موزیک دەتباتەناو هەرێمێکەوەهێشتا لەسەر چ ئەتڵەسێک نەخشەی بۆ نەکێشراوە. چونکەلەبنەڕەتدا ئەو لەشوێنێکەوەدێت کەنازانین کوێیە. موزیک نەک هەر دەنگ لەبێدەنگی یەکالا دەکاتەوە بەڵکو هەقیقەتی ئۆرگانی هەستی بیستنمان ، کەگوێچکەیە، بۆ ئاشکرا دەکات .. تێگەیشتنی باو پێیوایە موزیک بەهەرەیەکە یاخود جەوهەرێکە لەناومانندایە.بەڵام بیری هاوچەرخ پێچەوانەی ئەمە بەدروست دادەنێت ، دیدی هایدێگەر وەسلۆتەردایک وادەبینن کەئێمەی بیستەر لەناو موزیکدایین نەک بەپێچەوانەوە. بەوەدا کەئێمە لەناو جیهانداین واتەئێمە لەناو- دەنگداین. لێرەوەهایدێگەر دەڵێت : """ ئێمەلەبەرئەوەنابیستین چونکە گوێچکەمان هەیە بەڵکو لەبەرئەوەگوێچکەمان هەیە چونکە دەبیستین.""".
**گوێچکەو ئۆنتۆلۆگیای جیاوازی..**
گەر بگەڕێینەوە بۆ بۆچوونەکانی جەلادەت لەلاپەڕەی 325 دا دەتوانین هەمان ئەم شوناسەی موزیک ببینینەوە. لەوێدا باس لەوەدەکرێت داخۆ مرۆڤ ببێتە مۆسیقار یاخود ببێتە مۆسیقا خۆی ؟ کەجەلادەت حاڵەتی دووەم وەردەگرێت ، چونکەبەوەدا کەدازاین لەناو ماهیەتدایەئەوا مۆسیقاریش لەناو مۆسیقادایە. ئەو دەڵێت :" مرۆڤ ببێتە مۆسیقا واتە مرۆڤ لەگەڵ ئەو هەقیقەتەنەمرەدا یەکبگرێتەوە کەقووڵ لەناخی هەموو جوانییەکدا خەوتووە.

قووڵ لەگەڵ هەموو  هونەرێکدا دەژی."".
بەڵام لەهەرێمێکدا کەجەوهەرەکان نەژین بێگومان بوونەوەرەکانیش ناژین ، وەک لەلاپەڕەکانی پێشەوەدا قسەمان لەسەر ئەم خاڵەکرد. واتەگەر لەهەرێمێکدا موزیک نەبوو بێگومان مرۆڤیش نییە. لەبەرئەوەی شارێک کەگوێچکەی بووەبەرد ، ئیدی ترس و نیگەرانی دڵەڕاوکێ و پەریشانی ، لەپێناوی بیستن و گوێچکەدا لەبیرکردنەوەی دازایندا چەکەرەدەکات . چونکەدازین لەو هەرێمەدا بەر دەبێتەوەناو عەدەمێکەوە کە بەبێدەنگییەکی ڕەها و بەنابیستنێکی کپ تەنراوە، دواجاریش لەناو جیهاندا بوونی دازاین بەردەبیتەوە ناو کایە درۆزن و ساختەکانەوە. لەم نیگەرانیەوە دازاین دەرک بەو جیهانە کپەدەکات کەوەک عەدەم لەدەوری تەنراوە، وەک هایدێگەر دەڵیت " نیگەرانی عەدەم ئاشکرا دەکات ". مردنی موزیک و بەبەردبوونی گوێچکە کتومت ئەم حاڵەتە بەرجەستەدەکەنەوە. بەپێی سلۆتەردایک نیگەرانی هایدێگەریانە ئاماژەیە بۆ ئەو کارەساتی بیستنەی بەرپرسیارە لە بەرپابوونی موزیک ، کەبۆ ڕووداوی بنەڕەتیانەی بیستن دەبێتە ڕووپۆشێکی پارێزەر کەهەموو دووبارەبوونەوەیەکی دواتری بیستنی لەسەر ڕۆدەنیشێت . دیارەنیگەرانی بەختیاریش لەسەر ئەوەی کولتوری کوردی گوێچکەی موزیکی بووەبەرد ، نیگەرانییەلەپێناوی ئەو خامۆشییەسامناکەی ئەو جیهانەکەنوقمی بێدەنگیەکی چۆڵ بووەو گوێچکەی ئاسایی توانای بیستنی ئەم بێدەنگیەی نییە. لێرەوەیەلەدایکبوونی گوێچکەی سێهەم کەگوێ هەڵدەخات  بۆ  ئەو کەڕبوونە پێداویستییەکی ڕۆحی وجودیانیەی هەر کولتورێکە. بەو ڕستەیە بەختیار ڕەخنەلەکەڕبوونی گوێچکە مان دەگرێت کە چ هەستێکی موزیکایەتی تێدا نییە، ڕەخنە لە گوێچکەی وجودیانەی ئەو دەڤەرەدەگرێت کەجگە لەدەنگی ژیانێکی ئاسایی کە وەک هەر زیندەوەرێک ژیان بەسەر دەبات ، چ دەنگێکی ژیان لەڕێچکە هونەرییەکەیدا کەبەرجەستەی ئیرادەی مرۆڤ بکاتەوە نابیستێت.
گوێچکەی موزیکی ،بەو پێیەی ئیسحاق بۆ قوتابییەکانی باس دەکات لەلاپەڕەکانی 22 و 23 ی ڕۆمانەکە دا، بریتییەلەجێگەی یەکاڵاکردنەوەی شتەکان لەخۆیاندا ، بریتییە لە میدیۆمی ڕاگەیاندنی مانیفێستی جیاوازی .

جیاوازی شتەکان لەگەڵ یەکتریدا نا بەتەنیا بەڵکو جیاوازی شتەکان لەگەڵ خۆشیاندا ، شتەکان لەگەڵ خۆشیاندا جیاوازن ، هەر ڕیتمێک لەشوێنێکدا میتافەرەبۆ مانایەکی تایبەت و جیا و ئیندیڤیدوو . ئەو دەڵێت : " دەبێت گوێیەکتان بۆ دروستبێت بتوانێت باران لەهەموو جێگایەکدا جیا بکاتەوە، ئیقاعی دڵۆپەکان جیا بکاتەوە، ئیقاعی ئەو دڵۆپانەی بەر سینەتان دەکەون جیاوازە لەئیقاعی دڵۆپەکانی سەر دەستتان یان سەر شانتان، یان سەر گۆناتان . دەبێت جیاوازی ترپەکان ببیستن و تامی جیاوازییەکان بکەن . مۆسیقا تامکردنی جیاوازییەکانە."". ئیسحاق پێی وایەموزیک سەفەرێکی جاویدانییە بەناو دنیادا ، وەمرۆڤ لەبەردەم سێ سەفەردایە: سەفەرێک بۆ ناو سروشت ، سەفەرێک بۆ ئاسمان و سەفەریک بۆناو خۆی. وەمرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتەمرۆڤ هەڵبەت دەبێت یەکێک لەم ڕێگایانە بگرێتەبەر . مرۆگەل بەوەدا کەخولیای موزیکن، بەهەمانجۆر بریتین لەئامێری موزیکی بۆ هەرسێ ئەو سەفەرەی کەڕاڤەی سەراپای جیهان لەهەرسێ دوورابیەکەوەدەکەن . سەفەر بۆناوەوەی خۆی( ڕۆح) و ، بۆ دەرەوەی خۆی( سروشت) و ، بۆ سەرەوەی خۆی ( خودا ). لەهەرسێ ئەم سەفەرەدا مرۆ هەر ڕێچکەیەک بگرێتەبەر ئازادە چونکەئەو تەنیایە ، بەڵام لەو ڕێچکەیەدا پێویستی بەگوێچکەیەکەبتوانێت هەموو دەنگ و بێدەنگی ئەو ڕێگایەببیستێت ، پێویستی بەوەیە بەپلەی یەکەم گوێ هەڵخات بۆ ناوەوەی خۆی و بۆ بێدەنگی جیهان. لەم سەفەرەدا ئەو هەرتەنیاشە، بەڵام بەیەکێک لەو سێ گوێچکەیە دەبیستێت کەهایدێگەریش لە(( فەلسەفەچیەدا / کەئێمە بەر لەپتر لە دەساڵ بەکوردی بڵاومان کردەوە) بۆمان پێناس دەکات وەک : گوێچکەی خواکان ، گوێچکەی مرۆڤی مردۆک (فانی) وە گوێچکەی شاعیران. ئەم پێناسەیەش ناچارمان دەکات پانۆرامای تێگەیشتنی ئەو لەسەر بیستن و گوێچکە بخەینەڕوو.

واتەهایدێگەر سێ جۆر ((بیستن)) پۆلێن دەکات : یەکەمیان گوێچکەی بەزەییمەند (( ئەم وشەیەهۆلدەرلینییە)) کەبریتیە لەبیستنی خوداوەند کاتێک نوێژەکان قبوڵ دەکات و دەبیستێت . دووهەمیان نەبیستنی فانییەکانە، واتەگوێپۆشکردنی مرۆڤ کاتێک نایانەوێت ببیستن. سێهەمیان بریتییە

لەبیستنی شاعیران ، کەنەبریتییە لەبیستنی خوداوەند و نەلەفەرامۆشکردنی فانیەکان و مردۆکەکانە( مردۆک لەسەر جۆری ترسنۆک  و چنۆک ، لەڕەگی وشەی" مردن "ەوەبۆ زاراوەی مرۆڤی فانی دامڕشتووە) ، بەڵکو گوێی شاعیر، کە لای بنەڕەت و سەرچاوەوە دەمێنێتەوە، بیستنی ئەم بریتیە لەبیستنێکی جێگیری ئەو شتانەی لەبنەڕەتەوە ڕوودەدەن . لەپاڵ ئەو سەرچاوەیەدا خوداکان و فانییەکان لەیەک جودا دەبنەوە، گوێچکەی شاعیر گوێچکەیەکە گوێبیستی موزیکایەتی خوداوەندە، خوداوەندێک لەخودای تیۆلۆگی یان میستیکی ناچێت بەڵکو خودایەکی موزیکیە کەمرۆ بەختەوەر دەکات ، خودایەکە لەوەی زەردەشتی نیچەداوای دەکات "" خودایەکم دەوێت سەمام بۆ بکات."". گوێچکەی شاعیر ئەوەیەکەهایدێگەر لەوانەی (( فەلسەفەچییەدا )) وەسفی کردووەبەوەی: (( گوێچکەیەکە، بەر لەفەلسەفە، بوون لەبنەڕەتیەوە دەبیستێت.)).

هایدێگەر لەو وانەیەدا پێناسی فیلۆسۆفیا وەک بیستنی دەنگی بوون دەکات و ئەوەش دەسەلمێنێت گەر هەر گوێچکەیەک گوێ بۆ (( فیلین – خۆشویستن) ڕادێرێت ئەوەگوێچکەیەکی ناوەکییە. دێریداش لەوانەیەکیدا بەناوی گوێچکەی هایدێگەر ، ڕاڤەی ڕستەیەکی هایدێگەر دەکات کەلە" بوون و کات " دا هاتووە، کەدەڵێت : " وەک بیستنی دەنگی ئەو دۆستەی دازاینی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە" .

دێریدا باس لەوەدەکات کەگوێچکەی ناوەوەلێرەدا بریتی نییە لەئۆرگانێکی لەشی مرۆڤ وەک هەر ئۆگانێکی تر ، واتەگوێچکە بۆ هایدێگەر کۆئەندامێکی هەستەوەری پەتی نییە کەئێمە پێی دەبیستین . بەڵکو بریتییە لەژیری و لەعەقل . گوێچکەی ناوەوەلێرەدا نەشتێکی هەستەوەرییەو نەئەندامێکی ڕۆحییە، هەروەک چۆن میتافەرێکی میتافیزیکیش نییە. بەڵکو وەک دێریدا دەڵێت ئەو خۆی بریتییە لەلۆگۆس و لەعەقل کەهایدێگەر دەیبەستێتەوە بەپێناسی بوونەوە، بەوەدا کەبوون بریتییەلەلۆگۆسی کۆبوونەوە... کۆبوونەوەش بریتییەلەبیستنی لۆگۆس. ئەو لە( بیرکردنەوە چیەدا) ش بیرمان دەخاتەوەکەوا بیستن بەبیرکردنەوەدادەنرێت نەک بەپێچەوانەوە.

کەواتەگوێراگرتن مانای ئەوەنییەکەوا ئێمەهەستی بیستنمان وا لێبکەین دەنگەکان ببیستێت ، ئێمەگوێ بۆ شتێک هەڵدەخەین کەدەکەوێتەئەودیوی گوێچکەوە ، ئەودیوی گوێچکەی کراوەمانەوە، لەوێدا لەناو جیهاندا ئێمەگوێڕادەدێرین و دەرەوەدەبیستین . بیستنیش تەنیا بۆ بیستن نییەبەڵکو ئێمەدەبیستین بۆ ئەوەی تێبگەین .ئێمەشتێک دەبیستین کەدەکەوێتەدەرەوەی خۆمانەوە، لەم بارەشدا گوێچکەدەبێت بەکراوەیی گوێڕادێری بکات. واتەبۆ ئەوەی تێ بگەین بیستن مانای چی دەگەیەنێت ئەوا دەبێت گوێڕادێرین و گوێهەڵخەین بۆ دەنگەکانی دەرەوەو ئەودیوی خۆمان ، وەک هایدێگەر دەڵێت : (( بیستن بریتییەلەگوێڕادێرانێکی کۆکراوە، بیستن لەناو گوێهەڵخستندا هەیە. ئێمەئەوکاتەدەبیستین کەتەواو دەبینەگوێچکە.)). لێرەوەئەو موزیک بەنموونەدەهێنێتەوەو باس لە(( باخ)) دەکات و پێیَ وایەئێمەهەرگیز ناتوانین ئەو ببیستین گەر تەنیا بمانەوێت گوێ بگرین. یان کەڕبوونی بیتهۆڤن ڕێگر نەبوو بۆ ئەو لەبەردەم بیستن دا بەڵکو بگرەباشتر لەجاران دەیبیست . چونکەئەو سەراپای بووبوو بەگوێچکە، وەک دەڵێت : (( ئێمەدەبیستین نەک گوێچکە... )).

لەم سەرچاوەفەلسەفیەوەدەتوانین دەرەنجامی خاڵێکی جەوهەری باسەکەمان بکەین کەوا گوێچکەی ناوەوە یان گوێچکەی سێهەم یان گوێچکەی ڕۆحی تەنیا ئۆرگانێک نییە بۆ جەوهەرێکی ڕەخنەیی ، لەوەی بڵێین ئەوگوێچکەیەی ئەم ڕۆمانە دەخوازێت جیهانی پێ ببیستێت گوێچکەیەکە دەخوازێت تەنیا ڕەخنە بگرێت ، بەڵکو گوێچکەیەکیشە تەواو وەک گوێڕایەڵێکی ئۆنتۆلۆگیانە گوێ بیستی جیهان دەبێت . ئەوەی ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوەو ئەو گوێچکەیەی تیا دروست نەبێت ئەوە ڕۆحێکی کۆڵەواری هەیە. لێرەشدا ئێمەتەنیا ئەم تەوەرەیەمان لەڕۆمانەکەوەرگرت بۆ توێژینەوە، لەکاتێکدا ڕۆمانەکەمایەی وەرگرتنی چەندین تەوەری ترەکەتوێژینەوەی لەسەر بکرێت.

سەرچاوەی سوود لێوەرگیراو :

1- بەختیار عەلی ، ڕۆمانی شاری مۆسیقارەسپییەکان. سلێمانی 2005.
2- بەختیار عەلی ، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەبارەی ڕۆمانی شاری مۆسیقارەسپییەکانەوە. 2006.
3- بەکر عەلی ، ئەفسانەی شار ، سەبارەت بەکولتوری بەفیڕۆدانی ژیاری ، ڕۆژنامەی هاوڵاتی ، سلێمانی 2005/7/6.
4- مارتن هایدێگەر ، فەلسەفەچیە؟ وەرگێڕانی بەکر عەلی ، گۆڤاری بوون ژمارە -1 – لاپەرە– 221. سلێمانی 1994.

5- Peter Sloterdijk , kopernikanisch Mobilmachung und ptolemaeische Abruestung. S. 77- 126 .Suhrkamp 1987.
6- Peter Sloterdijk , Weltfremdheit. S. 294-325. Suhrkamp.1993.
7- Jacques Derrida, Politik der Freundschaft. S 413 – 438. Suhrkamp.2002.